ناڕازایەتییەکانی عیراق بەرەو کوێ و ئێگرێ مەترسیدارەکان … هەژار

هەژار
13ی نۆڤەمبەری 2019

ئەوەی داخوازییەکانی خەڵکی ناڕازی ڕەوان و ئەوەی کە پەیوستە ناڕازایەتی خەڵک دژی کەمپانییەکان و فەرمانداریی و پارتییەکان پشتیوانیبکرێن، بە من وەک ئاڵف و بێی خەبات و ئەرکی شەڕشگێرانەیە. بە ئەوەی لێکدانەوەی دیکە بە گومان و بڕچوونەکانی من نەکرێت و کەسانی هەستەکی و سۆزەکی ناهوشیار نەکرێنە دڕیچە بە هەڵشتنی تووڕەیی خەیان، بە پەیوستی دەزانم ئەوە بڵێم لە خێنیشاندانەکانی (الساحة التحریر) ساڵی 2012 تاکو ئێستا و بە دیاریکراوی لە 3ی ئۆکتۆبەری 2019 تاکو ئێم ساتە هەموو ڕۆژ زیاتر لە 16 سات لە کاتی خۆم بە پشتیوانی ناڕازایەتییەکانی عیراق و هاوکات دژی هەرشی لەشکری دەوڵەتی تورکیە بە سەر ڕۆژاوا تەرخانکردووە و تەنانەت لەنێو ڕێپەوانەکانی پشتیوانی ڕۆژاوا، پلاکارتەکەم دوو بڕشە، بڕشکی پشتیوانی لە ناڕازایەتییەکانی عیراق و بڕشکی هاوپشتی بە خەڵکی جێنگزەدەی ڕۆژاوا.

بەجگە لەوەش بەردەوام لە بواری تەکنیک خەریکی کەمەککردنم بە گرووپ و پەیجە عەرەبییەکانی تایبەت بە خێنیشاندانەکان و ئابووری خەڵکی خواروی عیراق، بەتایبەت ئامادەسازیی و کەکردنەوەی کەمەك بە کاتی بڵانی یەکجارەکی ئینتەرنێت و بەستنی پردی پەیوەندی ئینتەرنێتیی لە ڕێگەی تەلەفۆن لە ئەروپا، تاکو دەگاتە ڕێنوینی چێنیەتی خۆپاراستنی چالاکانی ئابووڕکە و ناردنی ئەو تووڵ-ئامرازانەی کە بە شکاندنی فیلتەری سەر سایت و تەڕە کەمەڵایەتییەکان پێویستە بەکاربەرێن. خوێنەری هەژا تکادەکەم، ئێم پشکییە بە خودنمایی مەبینن، بەڵکو وەک بەو کەسانەی ناسیونالیست-بوون بە پشتیوانی خەڵکی ڕۆژاوا لێکدەدەنەوە و نا-ناسیونالیست-بوون بە پشتیوانی سۆزەکیی خێنیشاندانەکانی عیراق لێکدەدەنەوە و لەژێر ئاڵای " اللە أکبر" کوتەکە هەڵەکە سەما!

ڕاستی من لە ساڵی 2012 تاکو ئێستا بەردەوام ڕادیکاڵبوونەوەی

بزووتنەوە ناڕازییەکان و خۆجیاکردنەوە لە پارتییەکان و گەنجبوونی [گەنج-بوون بە واتای زەرینەبوونی لاوان] بزووتنەوەکان دەبینم. ئەوانە هەموو شایانی دڵخۆشی و دەستخۆشیکردن و پشتیوانیکردنن. بەڵام هاوکات پێویستە ئەو هێزە ناسیونالیستییە عیراقییەش ببینین، لە لە باشترین باردا (نیشتمان و گەل)چییەتییەکەی حشع بەسەری زاڵە، بەڵام بەداخەوە زەر جار دروشمەکان بەرەو ڕەیسیزم و سووکایەتیکردن و دەمارگرییەکی ترسناک ملدەنێن. سەرباری ئەوەش ناتوانم، بەس لەبەرئەو هەیانە دەستبەرداری پشتیوانی و کەمکیی ئەنارشیستانەی خەم بە بزووتنەوە خەڵکی و ناڕامیاریی و ناحزبییەکانی عیراق ببم.

بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ناسیونالیستە کوردەکان و سەلەفییە پڕۆ-ئێران و پڕۆ سعودیەکان، سەرەتای ئۆکتۆبەری 2019 ناڕازایەتییەکان لە بەغداد خۆبەخۆیی تەقینەوە و دندەرانیان "دەستی دەرەکی" و "هێزە شیعە و سوننە"کان نەبوون، بەڵکو سووکایەتیکردنی پۆلیسەکانی دەوڵەت بوو بە دەرچوانی بێکاری دانشگەکان و ئەوە بوو بە چەخماخەی تەقینەوەی ناڕازایەتییە پڕنخواردووەکانی خەڵک، کە پێشتر (هەنانی داعش بە پلان و سیناریۆی هەزە داگیکەرەکانی عیراق لە بەهاری 2014) بوو بە هۆی دامرکاندنەوەی ئەو بزووتنەوە بەهێزەی، کە سەرەتای ساڵی 2013 فەرمانداریی مالیکی و هێزەکانی سوپا و پۆلیسی دەوڵەتی بچەکهنابوو و تەنانەت ناڕازیان ئامادەی دەستنیشانکردن و ناردنی نوێنەر بە لای فەرمانداریی نەبوون و دەیانگوت "خەڵکی لەسەر شەقام و لانەو مەیدانی شارەکانە، ئەمە نوێنەرمان نییە و خەڵک خۆی نوێنەری خۆیەتی و ئۆگەر مالیکی و فەرمانداریەکەی بەرانبەر خەڵکی ڕاپەڕیو نیازیان پاکە، دەتوانن بێنە ئەو شوێنانە و لەتەک خەڵک گفتوگبکەن/وتنبکەن".

وەک گوتم بزووتنەوەکە خۆخەیی و وەک هەر بزووتنەدوەیکی دیکەی خۆخەیی جەماوەر لە سەراپای تەمەنی دەوڵەت. بەڵام هاوکاتیش نەبوونی خەڵکخستنی جەماوەریی لانەو گرووپ و ڕێکخراوە جەماوەرییە ئاسایی و نانوەندییەکان و هاوکات نوەندییبوونی خانیشاندانەکان و نەگەرانیان بە خەڵکخستنی جەماوەریی و کەمایەتیی چین و توێژە ندار و بەدەستهاتەکانی کەمە، وەک پاژنەی ئاشیل زمینە و کەلێنی بە هێزموونکردنی خشکەیی هەزە ڕامیارییە ناسیونالیستیی و دەستهاتخوازە نوخبیەکان و هەوەی تەکدەرانەی هەزە دەرەکییەکانی وەک سەلەفییە لایەنگرەکانی ئێران و تورکیە و سعودیە و هەر ئاوا بەکرێگیراوانی هەزە هاوپەیمانە داگیکەرەکان دروستکردووە.

یەکێکی دیکە لە پاژنە ئاشیلیەکانی خانیشاندانەکان خشاوەییە بە پیۆستبوونی هێزە سەرکوتکارەکانی دەوڵەت [پۆلیس و سوپا]. هەرچەندە دکرێت و دروستە بە پیۆستبوونی ئەوان دخڕش بین و پێویستە بە بەردەوامی ئەو هێزانە بە پیۆستبوون و تەقەنەکردن بانگەوازبکەین و بگەڕێنەوە بۆ نێو بارەگای خۆیان. بەڵام پیۆستبوونی ئەوان وەک هێزی چەکدار و مانەویان وەک هێزی چەکدار و بیاردەر، گەورەترین مەترسییە بە سەر داهاتووی خانیشاندان و ابوونەکە، ئەوش لەبەر چەند هۆ:

- لە ئەنجامی ئەزموونگیریی دەوڵەت و فەرمانداریەکان لە ابوونەکانی باکووری ئەفریکا و خۆرهەڵاتی ناوین 2010 – 2013 دەوڵەتانی ناوچەکە بە پشتیوانی و پلانی زلهێزەکان بەتایبەت سوپای میسر کە بەجگە لە دەزگەیەکی سەرکوتگەر و ئامرازی کودەتا، هاوکات پێژەیەکی ئابووریی کەمپانیەکانە و استوخۆ لە دەوڵەتی ئەمریکا ملیەنان کەمك وەردەگرێت.
- هەر ئاوا، دەستکانی پشتپەردە لەنێو ابوونی خەڵکی تونس توانیان بە یەکەم جار ئامای دەوڵەت بکەنە ئامای خەڵکی نامازی و وەک تاعوونکی امیاریی لە تونس تاکو ئەمریکای باکووری گرتەوە و خەڵکی نامازی ئەو ئامایە بەرزدکاتەوە، کە لژێر ئەو و بەناوی پاراستنی ئەو دکوژرێت، ئەوش تایبەتمەندیی سەردەمی ئاژاوەیە و چەوساوان دبنە شکەنەری ئامای سەروەریی چەوسێنەرانی خۆیان، بەتایبەت لە عیراق کە ئاماکەی زیاتر لە ئامای دەوڵەت، سیمبۆڵی ملهوڕیی ئایینی و یەزدانی لەسەرە و بەس لەلایەن کەسانی ناهوشیار ناشکێتەوە و لە خە ناپەچڕێت، بەڵکو تەنانەت ئەو چەپانەش کە لە سەرەتای دەهەی نەوەدی سەدەی ابوردوو بە ئەنتی-ئایین و ئەنتی-ئیسلام دەرکەوتن، کەچی ئێستا چوونەتە ژێر هێزموونی ئەو ئامایە و دیشکێننەوە. هەبەتە ئەوش بڕیم، سەرنجکەی من لەسەر هەڵگرتنی ئامای "اللە اکبر" لەلایەن چەپ بەس لەو لایەنەوەیە، کە ئەوان وەک ئەنتی-ئیسلام دەرکەوتن و شانازی گەورەیان دژە-ئیسلام-بوون و دژە-ئایین-بوون بوو، کەچی ئێستا وەک هەر ئیسلامیەکی دیکە چوونەتە ژێر ئەو ئامایە و دیشکێننەوە و لە خیانی دئاینن و بشانی خیان دەدەن.
- بە ئاشکرا زۆرێک لە دروشمەکان و تاکو ادیەک ئاراستەی ابوونەکە بەرەو بانگەوازکردن بە سیستەمی دیکتاتۆریی سەرکەمار وەک تورکیە و جێگرتنەوەی سیستەمی پارلەمانی بە سیستەمی سەربازیی و جێگرتنەوەی پارتیەکان بە تاکپارتیی و

دیکتاتۆریی سەرۆک ملدەنەت. بە بۆچوونی من، ئۆباما دوو هۆکاری هەن: یەکەم خەڵکی عیراق بەهۆی نائومێدبوون لە گەلانی پێزاتیف، سیستەمە تاکپارتیی و سەرکۆماریيەکەی بەعس و سەدام بە باشتر دەزانن و خۆزگە دەخوازنەوە بتایبەت عەرەبە سوننەکان. دووەم بە ئاشکرا دەوڵەتی تورکیە لە ڕۆگەی سەلەفییە سوننەکان و تورکمان-زمانە ناسیونالیستەکان خۆریکی سەرنجڕاکێشانی خەڵکە، لەوانیە هۆکاری نەژەندکردنەوەی ڕیستورانتی تورکی بە پارە و کەمەکی دۆرکیی لە ڕۆگەی ژنەکی دانیشتووی هەڵەبجە، ئۆباما پێچەوانەی دڕووشمەکانی سەرەتا "بڕۆ بڕۆ ایران بڕۆ، بڕۆ بڕۆ ترکیە بڕۆ بڕۆ، بڕۆ بڕۆ سعودیە بڕۆ، ..." خۆریکە بە خشکەیی تەکەڵەیەک لە سیستەمی سەدامی-ئۆردۆغانی دەکرێتە خواست و خۆنی خەڵک.

لەبەرئەوە، بە بۆچوونی من، دەستە دەستە پێوەستبوونی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت و مانەوەیان وەک هێزی چەکدار لانەو بۆری خەڵک، سێ ئۆگری مەترسیداری هەن:

یەکەم: ئۆبای بەکرگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆگەی ناردنی پۆل پۆلی هێزەکانی پۆلیس و سوپا، ناڕازییان بەناو و پاگەندەی پاراستنی "سەروەریی یاسا و دەوڵەت" بکاتەوە بە پارێزەری فەرمانداریی، وەرای ئۆباما حزبالڵە لە ئێران وەک ئاکپارتیی لە تورکیە و بنەماڵەی آل السعود لە سعودیە ئارەزوومەندی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پارلەمانییە. بەو جۆرە بە زاکردنی سوپا و کودەتایەک بەسەر فەرمانداریی ئێستا بە ڕزگارکردنی هێزمووەنی شیعەگرایی خۆی لەسەر فەرماندارییەکی سەربازیی بە خواست و پێوەندەکانی خۆی لانەو فەرماندارییەکی سەربازیی بە خواست و پشتیوانی خەڵکی ناڕازی، کە دەتوانێت بە ماوەیەکی زۆر درێژ خەڵک نائومێدبکات و مەترسی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ئاوا خەبەخۆی دووربخاتەوە.

دووەم: هەوڵدانی سەکوچکەی تورکمانە ناسیونالیستەکان – سەلەفییە پۆپۆ-ئاکپارتیی و پۆپۆ-سعودییەکان – لایەنگرانی دەوڵەتی سوننەی ئیسلامی عیراق وەک ئامانجی پاشڕەوانی عیزەت-دووری بە سیستەمەکی تاکپارتیی، سەرکایەتیی و سەربازیی لە چێشنی سەردەمی بەعس .

سێیەم : هێزە داگیرکەرەکانی هاوپەیمانان وەک گەلانەوەی عیراق بە ژێر دەستی خیان و لەدان لە پۆگە ئایینی و سەربازیی و ئابووریيەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بتایبەت پاش ئۆبای کە

ئامادەیی سەربازیی ئەوان بۆ تایبەت ئەمریکا لە عیراق تێکشکا و هەر ئاوا ئەوەی کە تێکشانی سیستەمە پارلەمانییە پووپێیەکەی* نێتوانی سنووردارکەری هێزمووندی میلیشیا شیعەکانی پێ-کەماری ئیسلامیی ئێران بێت. ئاوا وەرگرانێک لە عیراق بەس بۆ ئەوان قازانجی نییە، بەڵکو بۆ ئیسرائیل و پێژۆ ئابووریی و سەربازییەکانی.

بەکورتی لەم ساتەدا عیراق وەک نەچیرێکی بریندارە لەنووندی کەمێک ئاژەڵی گۆشتخۆر و هەر یەکە هەوڵی یەکەم و تەواو قۆپاگرتنی خۆیەتی. هامیارە عیراقییەکان بۆ تایبەت لەبییەکانی نەو پارلەمان، کە لەپشت پەردەوە خەریکی ئاراستەکردنن و پێپاگەندەکانی دەستگیرکردنی مالیکی لە سەفارەتی ئەمریکا و قەدیە مژدەبەخشەکانی نەو ناوچەکەی سەوز و بەغدان و هەر ئاوا ناتوانامانەوەی نامازییان لە گەرینی هابوونکە لە هابوونی هامیاریەوە بە هابوونی کەمەڵایەتیی و پێکهێنانی گرووپ و هێکخراوە جەماوەریی و کەمەڵایەتییەکان وەک تان و پۆی هێکخستنی سەربەخۆ و خەباتی خێکی نامۆز و خەسڕیی کەمەڵایەتیی، کە بەهادەی کەم ئەگەر نەتوانێت سیستەمی خەبەرەوبەریی گەلیی و دەمەکراسی هاستەوخۆ بخاتە شوێنی سیستەمی ئایینی و خێڵەکیی و پارتیی و پارلەمانیی و سەربازیی، خۆ دەتوانێت ئەوانە لاوازبکات و بیانخاتە ژێر فشاری داخوازییەکانی خێڵەک.

ئەو شتانەی لە سەرەوە ئاماژەدران، هەموو ئەگەرن و بەداخەوە بەهادیەک نیشانەکانیان دەرکەوتوون و زەرینەی خێڵەکی نامۆزیی هەم بە هەی دەرگیربوونی هەر ساتە و هەر هێژەی خوێنشاندان و مەرگ، هەم بەهەی نابووندی ئەزموونی خەباتی جەماوەریی و کەمەڵایەتیی و تێکشانی ئابووریی لە عیراق، توانای دیتن و دەرککردنی ئەو مەترسییانەی نییە، کە هێژ بە هێژ بەهەی بەردەوامیی ناکامی خوێنشاندانەکان و زەمینەسازبوون بۆ دەستە شاردراوە هامیاریی و ئابووریی و سەربازییەکان و هەر ئاوا ماندووبوون و نائومێدبوون، بۆ ئاسانی ئەگەری هوودانی ئەو مەترسیی و هەوڵە نیوخۆیی و دەرەکییانە زیاتر دەبێت.

بۆ نموونە پاش زیاتر لە مانگێک خوێنشاندانی بەردەوام و خوێنڕژان و قوربانیدان و برسێتی و ماندووبوون، تاکو ئێستا نەتوانراوە مانگرتنێکی گشتیی و سەرتاسەریی وەک گوشاریی ئابووریی بۆ سەر فەرماندارییی عیراق و کەمپانییەکانی هاوپەیمانان بکاربێت؛ نەتوانراوە گرووپە خەجییەکان و هێکخراوە جەماوەریی و

کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان وەک ئۆپۆزسیۆنی پارتییەکان پێبکبهێندرێن و نەتوانراوە لە ئۆپۆزسیۆنی سیستەمی پارلەمانیی و تاکپارتیی و سەربازیی بیربکرێتەوە؛ نەتوانراوە لە ئۆپۆزسیۆنی بیربکراتیی دژگۆکانی دەوڵەت بیربکرێتەوە و زۆر شتی دیکە …

هەبەتە پێویستە ئاوڕ بگوترێت، تاکو ئایدیۆک هەشتا درەنگ نەبووە و بوار و ئاگادری ئایکاڤبوونەوەی خەنیشاندان و ئابوونەکە بەرەو ئۆپۆزسیۆن ماوە. ئاوڕ لەم هەکاری سەرەکیی نەبوونی ڕەوت و ئاراستەی دژە-باو و ئایکانەبوونەوە بەرەو سیستەمەکی ئۆپۆزسیۆن بە زاڵیی و ئامادەیی ئاوەزیی و هەشیی هێزە ئامیاریەکان دەگرێتەوە، کە لە سوننەی ناسیونالیست و شیعەی عیراق-گەرا تاکو دەکاتە حشع بوونیان هەیە و کەسی هوشیار بە ئاسانی دەتوانێت دروشم و داخوازییەکانی ئاوان بناسێتەوە و ئاوە ببینیت، کە چۆن ئاو زاڵییە ئاوەزییەی ناسیونالیستەکان لە پان-عەرەبی تاکو پان-عیراقی بووە بە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم ئایکاڤبوونەوەی ئابوونی خەخڵیی خەڵک و سەبەری نەگریسی ئاوان بووە بە تەلسیمی مردووان بەسەر زیندووانەوە.

بە کورتی و پوختی، بزووتنەوەی خەخڵیی خەڵکی ناڕازی 2012 – 2019 عیراق لەسەر دووڕیانی: (ملکەچکردنەوە بە چەوسێنەران لە ڕێگەی کودەتای سەربازیی و سیستەمی تاکپارتیی و سەرکەکەماریی) یان (رادیکاڤبوونەوە و شکاندنی دوا قاوخەکانی سیستەمی ئامیاریی و گۆڕینی خەنیشاندانەکان بە مانگرتنی گشتیی و سەرتاسەریی و گۆڕینی ئابووونی ئامیاریی بە ئابووونی کۆمەڵایەتیی و هەنگاونان بە پێکهێنانی گرووپ و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئاسایی و سەربەخۆکان وەک تان و پۆی خەسەریی کۆمەڵایەتیی و یەکێتی کانفدرالیستییانەی خەسەرییە ناوچەیی و هەرێمییەکانی گشت ناوچەکانی عیراق و کەتاییهێنان بە زاڵیی شیعە لەسەر سوونە، سوونە لەسەر کورد و کورد لەسەر تورکمان و ئاسووریی و ..تد). ئاگەرنا، سەرەنجام لە گۆڕینی فەرمانداریێک بە فەرمانداریێکی دیکە، یان گۆڕینی سیستەمی پارلەمانی بە سیستەمی تاکپارتیی و سەرکایەتی زیاتر نابێت، ئاوانش شایانی ئاو هەموو قوربانیدان و وەرانکردنە نیین.

سیماکانی دەربڕینگەرایی لە شیعری سەباح هەنجدەردا … ئاری عوسمان خەیات

پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە: ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (سیماکانی دەربڕینگەرایی لە شیعری سەباح هەنجدەردا) تێیدا هەوڵدراوە بەشێوەی تیۆریکی و پراکتیکی شونپکانی هونبازی دەربڕینگەرایی (Expressionism) لە ئەزموونی شیعری شاعیری ناوبراودا هەبگیردرێت.

هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە: هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەی هەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەك پێویست لا نەکراوەتەوە لە (دەربڕینگەرایی) وەك یەکێك لە هونبازە ئەدەبی و هونەرییەکان و هاوکات شیعری شاعیری ناوبراویش کەمگەیەکی بە پیتە سەبارەت بە پراکتیزەی سیما و بنەماکانی دەربڕینگەرایی.

گرنگی و ئامانجی ناونیشانەکە: گرنگیی توێژینەوەکە خۆی لەو ئامانجەدا دەبینێتەوە، کە لەپناویدا دەستی دراوەتێ, ئەویش بریتییە لە دەستنیشانی ئەو سیما و هەهەندانەی دەربڕینگەرایی کە لە ئەزموونی شیعریی سەباح هەنجدەردا بەرکەك خراون، ئەمەش دەبێتە یەکەمین هەوڵی زانستییانەی لەم شێوەی خۆی, کە لەبارەی هونبازەکە و شیعری شاعیری ناوبراو بە ئەنجام گەیەندرابێت.

سنووری توێژینەوەکە: لەپناو دەستەبەری چوارچێوەیەکی زانستییانە بۆ توێژینەوەکە، ئەوا سنووری کاری ناونیشانەکە پێکهاتووە لە پراکتیزەی دەربڕینگەرایی وەك هونبازێکی ئەدەبی لەمیانی کەبەرهەمی شاعیر (سەباح هەنجدەر)دا.

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی پرسیارێکی جەوهەریدا، ئەویش: تا چ ئادەیەك سیما و هەهەندە شیعرییەکانی دەربڕینگەرایی لە ئەزموونی شیعریی سەباح هەنجدەردا هەنگیان داوەتەوە؟ هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بۆخۆی دەبێت بە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە و هاوکات چارەسەری کێشەی توێژینەوەکەش لەخۆدەگرێت.

هونبازی توێژینەوەکە: لەپناو ئەوەی بە شێوەیەکی سیستماتیك توێژینەوەکە بگەیەنین بە ئەنجامی خۆی، پێوەیمان لە هونبازی

(ڕەخنەیی شیکاری) و وەرگرتنی نموونەی دەق کردووە.
پێکهاتەی توێژینەوەکە: بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی، کە هەر بەشێك لە چەند تەوەر و لاتەوەرێك پێکهاتووە، ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوە:
بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆریکیی توێژینەوەکە، کە دوو تەوەر لەخۆدەگرێت. لە تەوەری یەکەمدا کورتەیەك لە مێژووی ڕەوانبێژی دەربڕینگەرایی خراوەتەڕوو و لە تەوەری دووەمیشدا باس لە چەمك و پێناسەی ڕەوانبێژەکە کراوە. بەشی دووەم تایبەتە بە لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە و تێیدا لەڕێگەی دوو تەوەرەوە گرنگترین بنەماکانی دەربڕینگەراییمان لە چوارچێوەی شیعرییەتی دەقدا لە نموونەی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەردا بەرجەستە کردووە. لە کۆتایی توێژینەوەکەیشدا وەڵامی خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکان، هاوکات لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم
تیۆریزەی چەمکەکانی باسەکە

تەوەری یەکەم/ کورتەی مێژووی دەربڕینگەرایی:

کاتێك لە بەرانبەر وشەیەکی وەك دەربڕینگەرایی (Expressionism) ڕادەمێنین، یەکسەر بیرمان بەڕ لای وشەگەلی وەك (دەربڕین) و (گوزارشت) و هاوشێوەکانیدا دەچێت، بەم پێیەش بۆت سەرەتای سەرهەڵدانی دەربڕینگەرایی بە مێژوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە، چونکە لەوەتەی مرۆڤ خۆی ناسیوە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەستەکانی خۆی دەربڕێت و گوزارشت لە بارودۆخ و دەوروبەری خۆی بکات, بەم جۆرە تێڕوانینە دەربڕینگەرایی وەك ((بزاوتێکی هونەری ڕەگی لەنێو قووڵایی مێژوودایەڕ، هەر لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانی چاخی بەردینەوە بگرە تا بە فۆرمە جیاوازەکانی دەربڕینی هاوچەرخ دەگات.))(بیزیو, 2010، لینك) لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بزانین، ((جیاوازیی سەرەکی لەنێوان دەربڕین لە ژیانی ڕۆژانە و دەربڕینێکی هونەری لەوەدایە، کە لە یەکەمیاندا دەربڕین، ئەرك و پرسەیەکی کاتیی جێبەجێ دەکات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا پشت بە ئەزموونێکی هونەری و ئیستاتیکیی بەردەوام دەبەستێت.)) (راغب، 1977، 137)
لێرەوە وشەکە (ئێکسپریسۆنیزم – دەربڕینگەرایی) وەك زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری ((لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی ڕەوانبێژەکە وەك پێویست و بەو چەشنەی ئێمە لەم ڕۆژگارەدا دەمانەوێت، یەك ناگرێتەوە.)) (ویلیك، 1987، 218) بۆیە پەیدابوون و سەرهەڵدانی دەربڕینگەرایی

وەکو ڕابازێکی ئەدەبیی دانپێدانراو، بە سەردەمێکی نزیکتر دەگەڕێتەوە، لەوەی کە باسی لێدەکرێت، ئەمەش بەوپێیەی پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەر ڕابازێکی ئەدەبی لە پەیوەندیدایە بە ڕابازەکانی پێش خۆی و پاش خۆی، ئەم پەیوەندییەش لەنێوان ((ڕابازەکانی پێشین و پاشین یەکجار ورد و زانستییە و بە شێوەی کار و کاردانەوە یان زیدەڕۆیی و یەکسانی کار لە یەکتر دەکەن.))(شمیسا، 2018، 29)
کەواتە دەربڕینگەرایی وەك هەر ڕابازێکی تری ئەدەبی، لەپێ و لەناکاو دانەهاتووە و یەکسەر ڕابازەکەی پێش خۆی نەسڕیوەتەوە، بەڵکو پێبەپێ پێکهاتووە و خۆی لەگەڵ شۆنپێی ڕابازەکانی پێشیندا گونجاندووە تا ئەوەی بە یەکجاری خەمڵیوە و بوونی خۆی سەلماندووە، دواجاریش بەتەواوەتی جێی گرتووە.(الاصفر، 1999، 7) لەم ڕوانگەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مۆژووی سەرهەڵدانی دەربڕینگەرایی، دەبینین دابڕاو نییە لەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی ((سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەتایبەتیش ساڵانی بیست تا پەنجاکانی ئەو سەدەیە لە ئەورووپا بەشێوەیەکی گشتی..))(عابدین، 2019، لینك) کە ئەم ڕابازە تێیدا چەکەرەی کردووە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆژووی هەر ڕابازێکی ئەدەبی و هونەری بریتییە لەوەی ((بەشێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییانەن، کە دەبنە دەربڕی ئیستاتیکای ئەو واقیعە، قسەکردنە لەسەر هەموو داهێنانێکی هونەری و ئەدەبی، یان هەموو تەرزێکی کەلتووری و شارستانییەتی میللەت، پرەنسیپێکی گشتیی گەشەسەندنی جۆرەکانی ئەدەبە لە ڕووی مۆژوو و گۆڕین و دروستبوونەوە، هەموو قۆناغێکی کۆمەڵیش بەرجەستەی دنیای جۆرەکانی ئەدەب دەکات.))(حەمەئەمین، 2011، 5) بەومانایەی دەربڕینگەرایی لەڕووی حەقیقەتی مۆژووییەوە لەدایکبووی کۆمەڵێك حاڵەتی دەروونیی گشتییە و ڕووداوەکانی ناو مۆژوویان لە پشتەوە پەنهانە، کە لە دواتردا بنەما و یاساگەلی تایبەتییان بۆ داڕژراوە و وەك چوارچێوەی گشتی بۆ ڕابازەکە دەستنیشان کراوە. (عیاد، 1993، 135)
لە زەربەی سەرچاوەکاندا سەرهەڵدانی دەربڕینگەرایی دەگەڕێننەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەتایبەتیتریش بۆ ساڵانی نێوان (1910- 1925) (راغب، 1977، 128-138. هەروەها: أحمد، 2013، لینك)، بەڵام سەبارەت بە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم ڕابازە بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە، بەوەی هەندێك لە توێژەران دەیگەڕێننەوە بۆ وڵاتی سوێد و لەژێر کاریگەریی شانامەنووسی سویدی ئۆگەست ستریندبێرگ (1849- 1912) لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم و لە ماوەی ساڵانی (1915- 1925)، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بە شێوازی باوی سەردەمی جەنگی جیهانیی

یەکەم دادەنرێت.(شمیسا، 2019، 229) هەندێکی تریش دەیبەنەوە بۆ ئەمانیا وەك بزووتنەوەیەك ((لەنێوان ساڵەکانی 1910 و 1925، کە لە ئەدەب و پتر هونەرەکان و بەتایبەت لە هونەرە دیدارییەکاندا سەري هەڵداوە.))(سەجادی و مەحمودی، 2004، 31) دیسانەوە هەندێکی تر لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە فەرەنسا لانکەی لەدایکبوونی ئەم ڕێبازەیە و ئەمەش دەدەنە پاڵ فۆتۆگرافەری فەرەنسی (هارڤی) لە ساڵی 1910.(رشدي، 2000، 140)

جیاوازیی شۆنی سەرهەڵدانی دەربڕینگەرایی پەیوەندی بەو بوارە ئەدەبی یان هونەرییەوە هەیە، کە هونەرمەندان و ئەدیبان بۆ یەکەم جار لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەستیان داوەتێ، واتە دەربڕینگەرایی ((لە فەرەنسا لە هونەری شێوەکاریدا دەرکەوت، دواتر کە هاتە نێو دنیای ئەدەبیاتەوە، لە هونەری شانۆنامەنووسیی ئەمانیدا دەرکەوتووە.)) (رزایی، 2019، لینك) و بۆ بواره هونەری و ئەدەبییەکانی تریش بەهەمان شێوە بووە. ئەم دۆخە دەمانگەیەنێت بەوەی بڕین دەربڕینگەرایی وەك ڕێبازێکی ناسراو، ((لەنێو کەلتوور و عەقڵی کۆن و نوێباوی ئەورووپیدا هەگی داکوتاوە.)) (مکاوي، 1971، 9) بەم شێوەیەیش ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕێبازەکە لە یەك شوێن و لە یەك بواری دیاریکراودا سەری هەڵنەداوە، بەڵکو بە شێوەی جیاجیا و لە شوێنی جیاجیادا دەرکەوتووە و شوێنکەوتووانی پەیدا کردووە. ئەمەش نابێتە گرفتێکی ئەوەندە گەورە لەبەردەم جیاوك و تایبەتمەندییەکانیدا، چونکە دواجار ئەمیش وەك هەر ڕێبازێکی تری ئەدەبی و هونەری هاوشانی حاڵەتە دەروونی و فیکرییەکانی میللەتانی ئەورووپی بەرەوپێشەوە چووە. (دەوانرێتە: حوسێن، 2014، 2). هەر لەم ڕوانگەوە هەندێك لە توێژەران پێیانوایە ((دەربڕینگەرایی زیاتر لە فۆرمی ڕەوت یان ئاراستەیەکی ئەدەبیدا خۆی دەناسێنێت تا ئەوەی وەك قوتابخانەیەکی ئەدەبیی خاوەن خەسڵەت و سیمای دەستنیشانکراو دەربکەوێت، واتە لەم ڕووەوە ناتوانین بەراوردی بکەین بە قوتابخانەیەکی ئەدەبیی وەك سروشتگەرایی یان نیشانەگەرایی.))(مکاوي، 1971، 6) بەڵام پێدەچێت ئەم بۆچوونە لە گەیشتن بە ئامانج زۆر وردنەبێت، بەوپێیەی لە مێژووی ئەم ڕێبازەدا چەند ڕەوت و ئاراستەیەکی لێ پەیدابووە، کە سەرجەمیان وا دەکەن لەوەی بۆچوونەکەی سەرەوە ڕەت بکرێتەوە.(راغب، 1977، 128- 138) لێرەوە لە درێژەی مێژووی سەرهەڵدانیدا، دەربڕینگەرایی ناو یان زاراوەیەکە تەنها لە بەستێنی ئەدەبدا بەکارناهێندرێت، بەڵکو شێوە بەکارهێنانێکی بەرینتری هەیە و مەبەست لێی بزووتنەوەیەکی هونەریی فراوانتره، کە هەریەك لە مۆسیقا، وێنەکێشان، سەما و شانۆیش لەخۆدەگرێت، بە واتای ئەوەی

بنەماکانی بەسەر کۆمەڵە ئاراستە و هەوتەکی جۆراوجۆری ئەدەبی و هونەریدا دەچەسپێت، کە خاوەنی سنوورێکی دیاری نەکراوە. (مکاوی، 1971، 12).

لایەنگرە سەرەکییەکانی ئەم هێڵە بازە لە کۆمەڵێك نووسەر و هونەرمەندی ناودار و ناسراو پێکهاتووە، کە بە شێوەگەلی جیاجیا لە وێناکردنی ڕیالیستیکیی جیهان و ژیان، خەیان دوورخستووەتەوە و لە ئەدەب و هونەرەکەیاندا هەوڵیانداوە هەلومەرجی هەستیارانەی بەهێز و دیتەنی مەشك و زەینی خەیان دەربڕن.(سەجادی و مەحمودی، 2004، 31) هەروەك ئەوەی لە هونەری نیگارکێشاندا ناوی (ئێدوارد مونش، ڤان کوخ، پێل گۆگن و ئێسکار کۆکۆسکا و...هتد)(Gombrich, 1995, 563- 568) و لە بواری شانۆنامەنووسیشدا هەریەك لە (ساموئێل بێکت، بەرتڕێد برێخت، ئارتۆر میللەر، جۆرج کاسێرەر و ئێرنست تێلەر و...هتد))(Oppenheimer, 2000, 74 ناوبانگییان هەیە، هەرچی لە بەستێنی شیعریشدایە ناوە درەوشاوەکانی دەربڕینگەرایی بریتین لە: (ڕێنێ ماریا ڕێلکە، ئێرنست ستادلەر، یاکۆب ڤان هۆدیس، جۆرج تراکڵ و گێتفرێد بێن و...هتد.)(Furness, 1973, 81 ، هەروەها: Styan, 1983, 4-10).

هەریەك لەم شاعیرانەیش بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەر بوونە بە شیعرەکانی (ڕامبۆ) و (بۆدلێر) بەوپێیەی سیماکانی دەربڕینگەرایی لای هەریەك لەو دوو شاعیرە، بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنج دەدڕێن.(أحمد، 2013، لینك) ئەمە بەدەر لەوەی دەربڕینگەرایی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ فیکری فەلسەفیدا هەیە، بەتایبەت لەگەڵ تێۆرانینە فەلسەفییەکانی (نیچە)(مکاوی، 1971، 22) و هەروەها دیدی فەلسەفی (کانت) و (هیگڵ)یش، کە ئەم دووانەی دواییان پێشتر کارگەرییان لەسەر پەیدابوونی (تیۆری گوزارشتکردن) لەبواری تیۆری ئەدەبدا هەبووە.(الماضي، 2010، 50) دەمێنێتەوە بڵێین: بە خوێندنەوەی ژیاننامەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی دەربڕینگەرا، بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەیان لە زیندانەکانی هیتلەر و ستالیندا گیانیان لەدەست داوە، یان لەڕێگەی خۆکوژییەوە دواییان بە ژیانی خەیان هێناوە یانیش لە ترسی جۆراوجۆری تردا گیانیان سپاردووەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە لە نهیلیزمی فیکری و فەلسەفی، کە ئەم ناودارانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ژیانیاندا باوەڕیان پێی هەبووە و پێی کاریگەر بوون.(سید حسینی، 1394، 709)

تەوەری دووەم/ ماهییەتی دەربڕینگەرایی:

یەکەم/ زاراوەی دەربڕینگەرایی (Expressionism):
پێش ئەوەی لەبارەی چەمك و چییەتی دەربڕینگەراییەوە بدوێین، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە زاراوەی (دەربڕینگەرایی) لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە زاراوەکانی (Expressionism)ی ئینگلیزی و (التعبیریة)ی عەرەبی و هەریەك لە (اکسپرسیونیسم) و (تعبیرگرائی) فارسی بەکاردەهێندرێت.(علوش، 1985، 402. انوشه، 1374، 1245. E.Krispyn, 1964, 32) ئەگەرچی ئەم زاراوەیە لە ساڵی (1850)وە بە واتای نوێی خۆی بەکارهێندراوە، کەچی دانانی وەك ناوی ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری دواکەوت تا ساڵی (1910)، کاتێك ژمارەیەك تابلۆی شێوەکاری لەژێر ناوی (ئێکسپریسێنیزم) و لەلایەن هونەرمەندی فەرەنسی (جولیان ئێگەست) لە پاریس نمایش کران. (Gordon, 1987, 175) هەروەها بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئەمانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1911) کاتێك بۆ یەکەم جار لەلایەن (هێرڤارد ڤالدن)ەوە لە گۆڤاری (گەردەلوول)دا وەك ئاماژەیەك بۆ ڕێبازە نوێیەکە بەکاریهێناوە.(مکاوی، 1971، 21)
سەبارەت بە بنەچەی زاراوەی ئێکسپریسیێنیزم (Expressionism)یش، کە بەگشتی لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەکاردێت، ئەوا لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم (ex) پێشگرێکە ئاماژە بۆ (دەرەوە) دەگەیەنێت و بەشی دووەمیش ((Pression بە واتای (گوشار و پەستان) دێت، ئەمەش دەخێکە تێیدا شتێك لە ناوەوە بۆ دەرەوە پاڵ دەنرێت و بە سەختی دێتە دەرەوە، وەك ئەوەی لە ئەنجامی گوشینی ترێ، ئاوەکەی دەگیرێتەوە. (سید حسینی، 1394، 706 . هەروەها: شمیسا، 2019، 229) هەرچی پاشگری (ism)یشە دیارە کە ئاماژە بۆ (ڕێباز) و (هزر)ێك دەکات.
بەم شێوەیە ئەگەر بمانەوێت زاراوەی (ئێکسپریسێنیزم) بگۆڕینە سەر زمانی کوردی، ئەوا دەتوانین (دەربڕینگەرایی) بۆ بەکاربهێنین، یان وەك هەندێك کە (دەربڕینخوازی)یان بۆ داناوە، بەڵام ئێمە لێرەدا زاراوەی یەکەمیان پەسەند دەکەین، بەوپێیەی پاشگری (خوازی)، کە هەگی لە چاوگی (خواستن)ەوە وەرگیراوە، ئاماژە بە (خۆزیاخواستن) دەکات, وەك چۆن دەگوترێت (ئازادیخواز)، کە بۆ کەسێکە هەڵوەدای ئازادییە و دەخوازێت ئازاد بێت و لەو پێناوەدا خەبات دەکات, لەکاتێکدا (ئێکسپریسیێنیزم) زاراوەیەك نییە ئاماژەی بەخۆزیاخواستن تێدا بێت, واتە دەخێك نییە بخوازرێت, بەکو دەخێکە لە بوونی کەسی ئەدیب و هونەرمەندەوە دەردەچێت و خۆی بەیان دەکات. (بەدەستکارییەوە، لە: ماکواری، 2002، 12)
دووەم/ چەمك و پێناسەی دەربڕینگەرایی:

لە وانگەی ناسینی زاراوەی دەربڕینگەراییەوە، دەتوانین دەروازەی ناسین بەسەر ماهییەت و خودی چەمکەکەیدا واڵا بکەین، بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لەوەتەی ئەدەب و ((هونەر پەیدا بووە دوو جووڵانەوەی هونەری پەیدا بووە، جووڵانەوەی یەکەم دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ و سروشتی تۆمار کردووە، بەپێچەوانەشەوە جووڵانەوەی دووەم لە ناخی دەروونی ئەدیب و هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە.))(سەاج، 2008، 79) دەربڕینگەرایی وەك ڕەبازێکی ئەدەبی و هونەری نوێنەرایەتیی جووڵانەوەی دووەم دەکات لە دەربڕیندا، هاوکات لە شێوە گشتییەکەیشیدا ((گوزارشتکردنە لە وێنەیەکی تایبەتیی جیهان، ئەوەش ئەو وێنەیە، کە خود خەڵقی کردووە بە پشتبەستن بە شعور و بە ئاگایی و سۆز.))(الماضي، 2010، 50)

لەلایەکی تریشەوە هەر ئەم تێوانینەیە وای کردووە، سەرباری ئەوەی ڕەبازەکە ((لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە شانۆنامەنووسی، بەڵام لە مۆسیقا و نیگارکێشی و ئەدەبیشدا خراوەتەووو.))(شمیسا، 2019، 229) دیسانەوە هەر ئەم خەسڵەتەیش لە وانگەی چەمکی دیالێکتیکەوە ڕەبازەکەی گەیاندووە بەوەی کە ((هیچ کات واڵەتی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەستی نەبێت، بەڵام دەکرێ بگوترێ تایبەتمەندی ناوەندیی ئەم قوتابخانەیە سەرکێشییە لە دەست نەریتی ئەدەبی و هونەریی ڕیالیزم. هەم لە بابەت و هەم لە شێوازدا.))(سەجادی و مەحمودی، 2004، 31) بەم چەشنە دەربڕینگەرایی خۆی لەخۆیدا ((یاخیبوونێکە بەرانبەر ڕیالیزم، نووسەر لەجیاتی نیشاندانی جیهانی ووکەش و حەقیقەتی هەستپێکراو، ئەزموونی ناخەکیی خۆی لە جیهاندا بە شێوەیەك، کە لە زەینی ئەودایە ئاشکرا دەکات و دەیهێنێتە دەرەوە، هەبەتە ئەم کارە هاوتایە لەگەڵ هەنج و فشارێکی زۆر، لەڕاستیدا هونەرمەند دەیەوێت ڕاحی خۆی وێنە بکێشێت و زەینییەتی خۆی بخاتەڕوو، ئەمەش کارێکی ئاسان و سادە نییە.))(شمیسا، 2019، 229-230) بەومانایەی لە ئێکسپریسیۆنیزمدا ئەدیب و هونەرمەند ((هەمایەك لە واقعییەت نیشان دەدات، کە هیچ وێکچوونێکی بە واڵەتی ڕاستییەکەوە نییە، بەڵام ئەگەر هەر ئەو هەمایە درۆژەی پێبدرێت، بە ڕاستەقینە و واقعییەت دەگات.))(حاجی زادە، 2018، 54) کەواتە هونەرمەندی دەربڕینگەرا (ئێکسپیرسیۆنیست) بە شێوەیەك لە شێوەکان ((وانینی تاکەکەسییانەی خۆی دەربارەی ژیانی مرۆیی و کۆمەڵگای مرۆیی دەردەبڕێت، کە ئەم وانینە زۆربەی کات کاردانەوەیەکی هەستیارانە یان پێ گیروگرفتی هونەرمەندەکەیە و وەها دەربڕینێك لەڕێگەی گەورەکردنەوە یان گۆڕینی شێوەی ئەو فۆرمانەی ڕیالیزمی هونەرییەوە سەردەگرێ، کە بانگەشە بۆ

بابەتیبوونی جیهانی دەرەوە دەکات.)) (سەجادی و مەحمودی، 2004، 31)

لێرەدا گەیانەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ و تەنها حەقیقەتێك، کە بوونێکی فیعلی و خاوەن کاریگەری بێت، حەقیقەتی ناوەکیی عەقڵ و ئەندێشە و هەستەکانە، کە حەقیقەتە پەیی پێبراوەکان تێدەپەڕێنێت و لە کردارێکی ڕوحییانەی سەربەخۆ و حەقیقەتێکی خودییەوە هەڵدەقوڵێت. (هەسوو، 2013، 269) هەربۆیە ئەو بارودۆخەی زەین و دەربڕینی ناخ لەلایەن ئەدیبەوە ((هەست و هەڵچوون و گرفتەکان بە شێوەیەکی گشتی نەناسراو و ناباون، بانگەشەی تیۆری دەربڕینگەرایی ئەمەیە، کە هونەر لە خودی خۆیدا پەیوەندیی بە دەرخستنی هەستەکانی ناخ، یان هەڵشتنی ناخەوە هەیە.)) (شمیسا، 2019، 229- 230) کەواتە دەربڕینگەرایی لە ئەدەبدا هەروەك دەربڕینگەرایی لە هونەردا بریتییە لە ((گوزارشت لەبارەی هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤەوە، بەشێوەیەك ئەو هەستگەلە پێکهێنەری ئەو جیهانەیە، کە مرۆڤەکەی تێدا دەژی.)) (الحکیم، 2013، لینك)

بەم شێوەیە دەربڕینگەرایی -لە پێناسە گشتییەکەیدا- بریتی دەبێت لە خودگەرایی تا ئەوپەڕی توانا و هەتدانەوەی جیهانی واقیعی، لێرەشەوە شاعیری دەربڕینگەرا لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، فیگارە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ وێنا بکات، کە لە حەقیقەتی خۆیاندا دەربکەونەوە، بەبێ ئەوەی باڵ بۆ سەر لایەنی خەیاڵی ماڵمانسیزم بکێشێت. بەم پێودانگەیش دەگەینە ئەو شوێنەی کە تێیدا بتوانین بڵێین: ((دەربڕینگەرایی ڕێبازێکی ئەدەبی و فەلسەفییە، گرنگیی بە ئەزموونی مرۆیی دەدات و هەهندێکی خودی و دەروونی پێدەدات، مەبەست تێیدا گەوهەری شتەکانە نەك ڕووکاری دەرەوەیان.)) (بیرقدار، 2011، لینك)

سێیەم/ ئاراستە و سیماکانی دەربڕینگەرایی:

دەربڕینگەرایی چەندین هەوت و ئاراستەی جیاجیای لێ بووەتەوە، بەڵام بەگشتی هەموو ئەو هەوت و ئاراستانە لە چوارچێوەی دوو ئاراستەی گشتگیردا کۆدەبنەوە، ئەوانیش بریتین لە:

1. **دەربڕینگەرایی عەقڵانی.**
2. **دەربڕینگەرایی ناعەقڵانی.**

لایەنگرانی ئاراستەی یەکەم پێیانوایە، ئەرکی ئەدەب بریتییە لە چالاککردنی عەقڵ و دنەدانی ویژدانی مرۆڤ بە چەشنێکی ئەوتۆ، کە ئەدەب ڕێگری لە عەقڵ و ویژدان بکات لەوەی دووچاری بڕمانایی و چەقبەستوویی ببنەوە. ناودارترینی دەربڕینگەراکانی ئەم ئاراستەیە بریتین لە: تۆڵەر، هاسین

کلیفەر، پیتشەر، کاپەر و… هتد. (بیرقدار، 2011، لینك) هەرچی ئاراستەی دووەمە (دەربڕینگەرایی ناعەقڵانی)، لایەنگرەکانی پێیانوایە عەقڵانییەت بریتییە لەوەی کە خەڵك لەسەری ڕێك کەوتوون، بەم هۆیەش ئەم ئاراستەیە بە کۆی شەرعیی سوریالیزم لە قەڵەم دەدرێت، هەربۆیە بە شێوەیەك دادەنرێت بەسەر لێژیکی ژیان و خودی عەقڵیشدا، بەمەش مل کەچ ناکەن بۆ یاساکانی هونەر و ئەدەب و بۆچوونەکان بەوەیە، کە ژیان لە جەوهەر و حەقیقەتی ڕووتی خۆیدا، شتێکی نامەعقووڵ و تێنەگەیشتراوە، واتە بوون و ژیان ئەگەری تێگەیشتن و لێکدانەوەیان نییە. (عوید، 2018، لینك. هەروەها: بیرقدار، 2011، لینك) پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە ئاراستەی ناعەقڵانی بە (سۆفیزمی ئاڵۆز)یش ناودەبرێت.(راغب، 1977، 131)

لێرەوە هەندێك لە گرنگترین سیما و بنەماکانی دەربڕینگەرایی دەخەینەڕوو، کە پێکەوە وێنەیەکی گشتیی ڕوونبازەکە دەنەخشێنن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم خاڵانەی لێرەدا دەخرێنەڕوو زیاتر تایبەتن بە بواری شیعری دەربڕینگەرایی، بۆیە بەپێی گرنگیانی بەستێنە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەربڕینەکان و بەپێی مەبەست و ئامراز و شێوازی دەربڕینەکە، گرنگیان بەسەر ئەم سیما و بنەمایانەشدا دێت، هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە زیاتر شەنگستین (Principals) وەك لەوەی پەیوەستبن بە ڕووکەشی دیاردەکانەوە، کە گوزارشتیان لێ دەکرێت.

3. دەربڕینگەرایی ئەزموونی دەروونیی ڕووتی شاعیر بەرجەستە دەکات، ئەمەش بە ڕێگەی فراوانکردنی ڕەهەندەکانی ئەو ئەزموونە و تیشکی نوێ خستنەسەریان، بۆئەوەی ئەو شتانە بدزێتەوە، کە مرۆڤ پەنهانی کردوون یان بە هۆی کورتبینییەوە نایانبینن، هەروەها گەوهەری دیاردەکان بەرجەستە دەکات، بۆیە دان بە لێکچوونی نێوان دیوی دەرەوە و ناوەوەدا نانێت. (بیرقدار، 2011، لینك) واتە جەخت دەکاتەوە لەسەر خودگەرایی پتر لە بابەتگەرایی، بەوەی کە ئەمەی دواییان تەنێ وەك مەبەستێك لێی دەڕوانێت نەك زیاتر.
4. شیعر لە ڕوانگەی دیاردەگەراییەوە ڕزگارکەری ڕۆحی مرۆڤە لە دەست ئەو هەژموونە باوەستەی داکەوتی تەقلیدی بەسەر کیانی سەربەخۆی مرۆڤەوە، داکەوتێکی ئەوتۆ کە -وەك دەگوترێ- سنووردارکراوە تا ئاستی دەبەنگی! (راغب، 1977، 132)

5. دەربڕینگەرایی پڕسەیەکی ناوەکییە بەرەو دەرەوە، ئەمەش پێچەوانەی بڕچوونگەرایی (الانطباعية- Impressionism)ـە، بەوەی دەربڕینگەرایی گرنگی دەدات بەو هەستە وروژاوانەی لە ناخی دەروونەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام بڕچوونگەرایی گرنگی دەدات بەو هەستە وروژاوانەی کە لە دەرەوە کاریگەری دەخەنە سەر مرۆڤی شاعیر و دواتریش ئەو کاریگەرییە لە بەرهەمەکەیدا هەنگدانەوەی دەبێت. (طارق، ؟، 33- 36) کەواتە ئەگەر دەربڕینگەرایی خودیی بێت، هەبەتە بڕچوونگەرایی بابەتییە. (بیزیو، 2010، لینك)
6. وەناکردنی ژیان نەك وەك ئەوەی خۆی دەردەخات، بەکو بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە شاعیر لەو خۆدەرخستنەی ژیاندا بەرهەمی هێناوە، واتە بینینی تایبەتیی شاعیری هونەرمەند زاڵ دەبێت بەسەر داکەوت (واقیع)ی تایبەتیدا، ئەمەش پێچەوانەی تێگەیشتنی بڕچوونگەراییە، کە پێیوایە ڕوانگەی هونەرمەند پەیوەستە بە هەستی بینینەوە. (ترحینی، دون، 76) دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە: جیاوازیی دەربڕینگەرایی لەگەڵ هەریەك لە (بڕچوونگەرایی و سروشتگەرایی)دا بێ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر لە بنەماوە دەربڕینگەرایی وەك پەرچەکردارێك بەرانبەر هەریەك لەو دوو ڕێبازەی دیکە سەری هەڵداوە. (راغب، 1977، 130)
7. شاعیری دەربڕینگەرا باوەڕی وایە، شیعر دەکەوێتە پانتایی نێوان سووسە و دەربڕین (الحدس و التعبير)ەوە، لەم ڕێگەیەشەوە گوزارشت لە هەست و سۆزێکی دیاریکراو دەکات و دەیەوێت هاواری مرۆڤ لەنێو ژینگەکەی خۆیدا بگەیەنێتە ئەوانیتر.(کحیل، 2017، لینك) بۆیە دەربڕینگەرایی دەبێت بەو ڕێبازەی کە لە کڕکدا هاوشانە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بوون و گەڕانە هەنووکەییەکانی ژیان.
8. بەلای دەربڕینگەراکانەوە ئەدەب و هونەر تەنها بریتی نین لە گوزارشت لە بیرکەیەکی دیاریکراو، بەکو پێش هەر شتێك، ئەدەب و هونەر بەرجەستەکردنی بیرکەیەکە لەبارەی دیاردەیەکەوە، کە دەوری مرۆڤی سەردەمی داوە یان دیاردەیەك، کە مرۆڤ تێیدا دەژی. (راغب، 1977، 137) لەم ڕوانگەوە شاعیری دەربڕینگەرا لە هەوڵی ئەوەدایە، جیهانێکی تر دابهێنێت بەدەر بێت لەو مەرگەساتانەی پێشتر مرۆڤایەتی بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی. (مكاوي، 1971، 16)
9. دەربڕینگەرایی و شیعری دەربڕینگەرا دژ بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك دەوەستێتەوە، کە مرۆڤی مۆدێرن بە هۆی

داکەوتی داسەپاوی شارستانییەتەوە دەیچێژێت. لێرەشەوە ئەدەب و هونەری دەربڕینگەرایی دەچێتە چوارچێوەیەکی ئیستاتیکیی باڵاترەوە، کە تێیدا گوزارشت لە هەموو ئەو ئازار و مەینەتییانەی مرۆڤی سەردەم دەکرێت و بەدوای چارەنووسێکی باشتر لەوەی هەیە کەشش دەکات. (سید حسینی، 1394، 704)

10. دەربڕینگەرایی سوودی تەواوی لە دژینەوە گەورەکەی فرێید لە بواری دەروونناسیدا وەرگرتووە، بەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دینامیکییە و لە پەیوەستیدایە لەگەڵ خودی خۆی و ئەو داکەوتەی تێیدا دەژی. (راغب، 1911، ل132) لەم ڕوانگەوە جیاوازیی دەربڕینگەرایی لەگەڵ سوریالیزم لەمەدایە، کە دەربڕینگەراکان کاریان بەسەر خەونە ڕاستەقینە و واقعییەکانەوە نییە، بەڵکو بابەتی ئەوان کابووس و خەونە ناباوەکانە، لەبەر ئەم هۆیەش ئەم بەرهەمانە بوونەتە مایەی چاوتێبڕینی دەروونناسەکان. (شمیسا، 2019، 232)

بەشی دووەم

بەرجەستەبوونی سیماکانی دەربڕینگەرایی لە نموونەی شیعرەکاندا

تەوەری یەکەم/ شیعرییەتی دەربڕینگەرایی لە نموونەی شیعرەکاندا

چەمکی شیعرییەت لێرەدا لەسەر ئاستی مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری بەرکەڵك خراوە، بە واتای ئەوەی لە ڕوانگەی دنیابینیی دەربڕینگەراییەوە لەم چەمکە ورد دەبینەوە، نەك لە ئاستی ڕوخسار و زمانی شیعری و وەك بەشێك لە کەرەستە تەقلیدییەکانی شێوازگەری، هەربۆیە لێرەدا سەرلەنوێ سیما دەربڕینگەراییەکان دادەڕێژینەوە و بەپێی ڕوانگەی تایبەتی شاعیر و لەڕگەی نموونەی شیعرەکانییەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکەین، ئەمەش لە چەند سیما و دەرکەوتەیەکدا گەڵاڵە دەکەین، بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم/ خستنەڕووی داکەوت (واقیع)ی زەینی: مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە شاعیری دەربڕینگەرا زیاتر لە واقیعییەت گرینگی بە دەرخستنی هەڕچوونەکان دەدات، لە ئەنجامدا لە دەقەکانیدا کەمەڵك دیاردەی وەك: ترس، تووڕەیی، سەرگەردانی، تاڵی و هاوتای ئەو جۆرە مەسەلانە دەخاتەڕوو، هەندێك جاریش بارودۆخی دژواری مرۆڤ لە کەمەڵگایەکی پیشەسازی دەخوێنینەوە. (شمیسا، 2019، ل230) کەواتە شاعیر لەپێناو بەدەستەوەدانی مەبەست و پێکهێنانی شیعرییەتدا، واقیعییەتێکی نوێ دروست دەکات، کە لەڕگەی زەینی خۆیەوە وێنای دەکات، هەروەك لەم بارەیەوە خودی (سەباح ڕەنجدەر) خۆی، لە مانیفێستێکی شیعریدا دەڵێت: ((لە شیعردا خۆم دەکەم بە واقیع و سەرلەنوێ پێکی

دەهێنمەوە، واتە واقیعی ناو نووسین، یان ئەو واقیعەی نووسین پێشنیازی دەکات، پەیەوەکردنی چۆنێتی واقیع لەم بارەدا دەناسرێت، یان پێناسە دەکرێت بە ناسین.)) (هەنجدەر، 2014، 40) لێرەشەوە شاعیر ئەم دنیابینییە دەگەێنێتە سەر شیعرییەتکی دەربڕینگەرایی و لە دەقی (زەوان)دا بەم شێوەیە تەوزیفی دەکات:

سروشت هەموو شتێکت ترساندوومی
لرفەی ئاگرت
بێندایی چیات
گەفی ووبارت
دەشتایی ووتت
پەنجەم لە چاوەوانییەکی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو
بەناو یەکدا دەشکێنمەوە
(هەنجدەر، 2018، ب1، 5-6)

شاعیر توانیویەتی گوزارشت لەو ترسە سەرەتاییەی خێی بکات -وەك مرۆڤ- کە لەهەمبەر سروشت و دیاردەکانی هەیەتی، هەبەتە ئەمەش دەربڕینە لەوپەێی ئاستی مرۆبوونی خێیدا، هەروەك بەدیوێکی تردا لەپێناو وێناکردنی ئەو واقیعییەتە نوێیە، پەنا دەباتە بەر کەمەك میکانیزمی شیعری، کە دیارترینیان میکانیزمی خەونییە، ((ئەوەی لەنێوان من و شیعردا درێژ دەبێتەوە، خەونە نەك واقیع، لە کردەوە و کردەی نووسیندا خەون دەکەم بە واقیعی نووسین.)) (هەنجدەر، 2013، 86) ئەم واقیعییەتە زەینییە بەلای شاعیرەوە هەروا بەئاسانی دەستەبەر نایەت، بەکو ئەو ((وەك ئەکرێپاتێك گەمە بە وشەکانی دەکات، لەپێناو سێینەوەی ئەو ناوەندە، شاعیر گەمەیان پێدەکات، کە واقیع لە زمان جودا دەکەنەوە.)) (مەلا، 2019، 138) ئەوەتا لە دەقی (دوا شۆن)دا دەڵێت:

هەموومان بە ڕێگاکاندا دەڕێین
بگەین یان نەگەین چ ڕووەدات و شیر لەسەر چ جامێك دەژێت
جامی پڕ هەر ئەوەیە کە هەیە
حەوت پەردە لە چاوی پیس دەیپارێزن
شاعیرە نامرادەکە بە دیار گەرمایی دڵی دەمێنێتەوە
(هەنجدەر، 2018، ب2، 469)

(نامرادبوونی شاعیر) لێرەدا بەرانبەر بە (ژانی شیر لە جام)ەوە، دەربڕینکە لە ئاستێکی زمانیدا تا لەڕێگایەوە گوزارشت لەو سەرگەردانی و تووەییەی خێی بکات، لە کێی پێدراوەکانی ژیان و بوون هەیەتی، بەوپێیەی (بگەین یان نەگەین) دواجار مرۆڤ و پێشمەرجەکانی بوونی مرۆڤ (هەر ئەوەیە، کە هەیە)، لێرەدا ئەو

ڕەگەیەی شاعیر لە زەینی خۆیدا وێنای کردووە ((هەنگاوەکانی شاعیرە، کە هێواش هێواش لە ماڵی ناو شیعر نزیك دەبێتەوە، ئەمەش ئەزموونە واقیعییەکان یارمەتی دەدەن، کە ئەوەی لە شیعردا پێی دەگات، حەقیقەتە یان وای زانیوە کە هەقە.)) (عەبدوڵا، 2014، 110) دیسانەوە هەر لە (زێوان)دا هاتووە:

منداڵیم لەناو پیریمدا گۆشەگیرە
گەنجییەتییەکی باوان دوور و خەمەشیش
ئاگادارم باران دەتکێتە ناو گۆان
کفنی مردووان تەڕ دەکات
تۆی دڵاو لە ئاوی بلەڕێتەوە
ماسی غارغارانێی گیانبازی بەسەردا دەکەن
(هەنجدەر، 2018، ب1، 54)

ئەم دێخە تاڵەی لێرەدا گوزارشتی لێ کراوە، دەربڕی کێی هەوشی پێ لە ئاریشەی شاعیرە، بەڵام ئەو توانیویەتی لەڕگەی شیعرییەتی دەربڕینگەراییەوە، وێنای واقیعییەتکی زەینی ئەوتەمان بۆ بکات، کە تێیدا دالە زمانەوانییەکان دەبن بە نمایندەی کەمەڵك مەدلوولی جیاواز، لێرەشەوە ئەو مەدلوولانە لە سیاقی گشتیدا بیرکەیەکی تر پێشکەش دەکەن، کە هەگری مەغزای شیعرەکەیە، واتە هەر ئەم ((پەسندانە زەینییە وا لە شاعیر دەکات، تەواوی هێز و وزەی شیعریی بارگەکراوی خێی بخاتەگەڕ…)) (الفواز، 2010، 123) ئەمەش لەپێناو بەرهەمهێنانی شیعرییەتکی ئاست بەرزی دەربڕینگەرادا.

دووەم/ گرنگیدان بە دیوی پەنهانی مرۆڤ: واتە جەمسەری هەرە گەرمی دەربڕینگەرایی بریتییە لە ناخگەرایی، بەمەش خەون دەگەڕێت بۆ شیعر و ئەدەبیات، هەبەتە ئەم خەونانە هەندێ جاریش کابووسن. (شمیسا، 2019، 230- 231) بەومانایەی لە بەرهەمی دەربڕینگەراییدا زیاتر ((جەخت دەکرێتەڕ سەر دەربڕینی ئەزموونی دەروونیی مرۆیی، هاوکات یاخیبوونێك دژ بەو هەوتە مادییەی کەمەگە سەرنج دەدرێت.)) (الحکیم، 2013، لینك) کە هەمووانی گیرەدەی خێی کردووە، ئەمەش دەبێت بە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی لەڕگەیەوە شاعیر هەستەکانی خێی لە چوارچێوەی دەقکدا تمار بکات، هەروەك شاعیر لە (سزای هەمیشەیی)دا دەڵێت:

چاوەڕوانی گردکە لە خۆ
کانی خۆی لێ دەخوات
لە بەربوونەوەی بارانی خەوسووك و بای خەوگران
ماڵەکانی ناو دڵ ئاگریان کوژایەوە
بالووکەی خاك باڵندە بانگ ناکات
حەوا نەیتوانی سنووری جێ پێیانی ببەزێنێت

شوێن پێی ئاوێنەیە دوژمن دەباتەوە سەر ماڵ و دەرگای
(هەنجەر، 2018، ب1، 79)
بە وردبوونەوە لەم کۆپلە شیعرە، دەردەکەوێت کە شاعیر لەبارەی کرێك و ناوەڕۆکی مرۆڤەوە دەنووسێت، نەك ئەوەی بیەوێت گوزارشت لە دیوی دەرەوەی بکات، واتە ((شاعیری ئەزموونداری کار لەناو مانای ئامادەکراو ناکات، ئاماژەکان دەجووڵێنێت تا ئاستی پەرجوو دروستکردنیش سادە دەبێتەوە، لە سادەبوونەوەیدا دەگات بە خوێنەرێکی چاڵاک.)) (هەنجەر، 2013، 38) ئەمەش ئەو ساتە شیعرییەیە، کە تێیدا شاعیر لەژێر کاریگەریی زمان و هاتنەگۆی بوونی خۆیدا دەبێت، هەروەك لە دەقی (جەنگی پرسیار)دا ئەم دێخە زیاتر زەق دەبێتەوە بەوەی کاتێك دەڵێت:
ماسی بەدبەختترین گیاندارە
چۆڵ لە ئاو وەرناگرێت
منیش نەگبەتترین ئادەمیزادم
چۆڵم لە منداڵیی خۆم وەرنەگرت
وا بەرزاییەك لە منداڵییم دەکوژێنمەوە
هەنگە سبەی ببێتە وێاتم
وێاتی منداڵێتییم نیشان دە
ووناکی ونبوو بەرزاییەك دادەگیرسێنێت
هەنگاوێك دەتگەیەنێتەوە منداڵیی
(هەنجەر، 2018، ب1، 106)
ئەم گەڕانەوەیە بەرەو سەردەمی منداڵیی، دۆخێکی نەستالجی ووت نییە، ئەوەندەی دەربڕینگەراییەکی شیعرییە و لەڕگەیەوە شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت، کە ((ئەگەر شیعر لە قۆناغی یەکەمدا ئەفراندنی وێنەی نوێ و بەخشینی وەزیفەی نوێ بێت بە بەکاربراوەکان، ئەوا بوونی زمانێکی تێکمەش بێ دەربڕین خاڵێکی گرنگە، وەك هەنجەر ناوی بردووە بە "نووسینەوەی نێتەی زمان")) (سدیق، 2010, 52) لەم ڕوانگەوە لە دەقی (خەونی سروشت)دا شاعیر دەڵێت:
گیان لەناو قەفەس
بە هەموو شێوەیەك ستایشی مانەوە دەکات
ستایش لەناو قەفەس چی دەگەیەنێ
ئەگەر مانایەکی نەگەیاند
زەمینییەکان گیانیان بچووك دەبێتەوە
لە بچووکبوونەوەیاندا تووشی هیچ گرفتێك دەبن
ئەی ئەگەر گەیاندی
پێینگەکان دارستان بێ خەزانە کەمئەندامەکان جێدەهێڵن

(هەنجدەر، 2018، ب1، 203)

شاعیر لەڕگەی تەقاندنەوەی وزە ناوەکییەکانی زمانەوە، گیان وەك بەرجەستەبوویەکی نۆو ژیان و بوون دەخاتەڕوو، ئەمەش کاتێك لەنۆو (قەفەس)دا نیشانی ئەمەی دەدات و هەر خۆیشی لەبارەی ماناداری و بڕمانایی (گیان لەناو قەفەس) پرسیارمان لێدەکات و ئەم پرسیارکردنەیشی بۆ ئەوەیە تا پەیامی دەربڕینگەرایانەی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، لەوەی ((ساتی دەرچوون لە کات و شوێن، گەڕانەوەیە بۆ ساتی نووسینی شیعر لە دەرەوەی پێناسە زەمەنی و کاتییەکان.)) (ئەحمەد، 2010، 13) هاوکات خستنەڕووی ئەو پەنهانییە ناوەکییەی بوونی مرۆییە، کە هەمیشە لە دڵخی خۆحەشاردانداە دەمێنێتەوە، مەگەر ئەو کاتانە نەبێت، کە دەخرێتە چوارچێوەی دەربڕینکی شیعرییەوە، وەك ئەوەی لێرەدا شاعیر توانیویەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ((ئەمەش مەلەوانیکردنە لەناو ئارکیۆلۆژییەتی بیری بەڕحبوونی شتەکان، واتە یەك بە یەکی پەردەکانی لێکدانەوە هەڵدەداتەوە.)) (پاڵەوان، 2010، 118)
سێیەم/ خەون و بیرکەی زەینی: شاعیر و نووسەری دەربڕینگەرا خەونەوێنەییە کۆنەکانی ڕڕمانسیزم بەشێوەیەکی تازە نیشان دەدات، واتە لە دەربڕینگەراییدا ((خەونە ڕڕژانەییەکان جێگەی شتە لاسایکەرەوەکانیان گرتۆتەوە و واتا و ڕوخساری بەرهەمەکە ڕوونکەرەوە و ئاشکراکەری پەشێوی و پەرشانییەکانە، ئەم خەون و گرفتارییە زەینییانە، ئەم بیرکە ئەبستراکتییانە و ئەم شوێنە ترسناکە زەینی و ڕڕحییانە بە هێی چەند ئامرازکی خستنەڕوو و جوانکاری وەك هەمز و خواستن بەرجەستە دەکرێن.)) (شمیسا، 2019، ل231 و 232)

لەم بارەیەوە هەنجدەر خۆی دەڕڕت: ((جیهانی خەونیش بەلای منەوە سەرنجڕاکێشترین جیهانی شیعرییە… خەونی نایاب دەبێتە زمان و شێواز و بابەتی نایاب، دەقەکانم دەقی خەونین، خەونیش وەك گیان و هاندەر، هەمیشە تێکەڵ بە شیعرییەتی دەقم دەبێت و هەستی شکڵمەندی لە منداڵسکاندووە و دەڵسکێنێت.))(هەنجدەر، 2014، 18-19) شاعیر توانیویەتی ئەم تێگەیشتنەی خۆی لەڕمەڵ دەربڕینگەرایی خەون لە بۆتەی شیعردا پێشکەش بکات، هەروەك لە دەقی (ئاوێنەی دووەمی سروش)دا دەڕڕت:
کتێبی چی ئەمەی هێنا
خەونم لە تۆدا کەسە دووەکانی بینی
قسەم لە تۆدا بووە گۆرانی

هەنگاوم لە تۆدا جێگەلەی دەرەوەی پەرژینی هۆنا ناو ۆەز
(ۆەنجدەر، 2018، ب1، 246)
لێرەدا خەون وەك میکانیزمێك بەگەڕخراوە، بۆئەوەی لەڕگەیەوە شیعرییەتی دەربڕینگەرایی بگات بە تڕپکی خۆی، ئەمەش لەو ڕوانگەوە ((کە دەربڕین وەك گوتنەکانی زمان کڕکردنەوەی کەمەڕك گوزارەیە، پڕکەوە دەقڕکی گەورەتر دەسازێنن.)) (خۆشناو، 2009، 204) بەڵام کاتێك خەون دەبێت بە میکانیزمی ئەو دەربڕینە، ئەوکات بیرە زەینییەکانی شاعیر دەردەکەون و بەمەش گوزارەکان بە واتای ((کۆد و هێما و سیمبولی خەون، چونکە ئەوان واتایان لێ باردەکرێت و دەلالەتی خەونەکە و واتای خەونەکە دەدەن و ڕڕی وشە وەدەست دێنن و جێگەی وشەیش دەگرنەوە.)) (موسا، 2019، 241) ئەم بە تڕپك گەیشتنەی دەربڕین و بە میکانیزمبوونەی خەون لەم کۆپلەیەدا تەواوتر خۆی بەیان دەکات، کاتێك شاعیر دەڕێت:

خەونبینین هاوتای جانتای گەشت و خۆشبەختییە
خەون ئەی کراسی بۆنخۆشی
یەکەمین ڕڕژی چوونە قوتابخانە
بە دەنگڕکی خودایی شتێك بدرکێنە
(ۆەنجدەر، 2018، ب1، 53)

لێرەدا وڕڕای ئەوەی شاعیر خەونی وەك سەفەر بینیوە، هاوکات دەیەوێت بڕڕت خەون و سەفەر بەبێ یەکتر هەڵناکەن و هەمیشە پڕکەوە دۆن و دەلالەت و کۆدەکانی خەون دروست دەکەن. (موسا، 2019، 243)، هەروەها ئەوەیش ڕادەگەیەنێت، کە ((ژیانمان خەونئاسایە، یان جەوهەرڕکی خەونئاسای تێدایە، بەم دەربڕینە تاڕادەیەك گشتگیرە ئێمە ئەو شتە بڕمانایانەین کە خەونیان لێ دروست بووە.)) (بڕرخۆس، 2016، 43) ئەگەرچی ئاماژەیەك بە ڕابردوو کراوە، بەڵام لەڕاستیدا شاعیر دەیەوێت لەڕگەی (سەفەری خەون-ئاسا) و (خەونی سەفەر-ئاسا)ی خۆیەوە، بەرەو ئایندە هەنگاو بنێت، چونکە لەڕاستیدا خەون لەگەڵ هاوتاکەی خۆیدا، کە ئەویش بیرڕکەی زەینییە، دەبن بەو هەلومەرجەی تێیدا مەبەست و گوزارشتە شیعرییەکان زیاتر خۆیان دەربخەن و شیعرییەت بەرهەم بهێنن، هەروەك شاعیر لە دەقڕکدا بەناونیشانی (جەنگی پرسیار) دەڕێت:
کۆچ بەرەو خەون
گەڵانەوە ڕووەو خەون
نیشتەجێبوون لە ماڵی خەون
خەون شادمانی سەر زەمین

سەر زەمین گۆڕەنی ژیان
ژیان خەونکە لە شەوێك کۆناکرێتەوە
مردن دەتگەیەنێتە خەون
(هەنجدەر، 2018، ب1، 106)
بەم شێوەیە شاعیر لەڕێگەی خەون و بیرکەی زەینییەوە دەستبەرداری پێکهێنانی ئاساییانەی وێنەی شیعریی بووە، لەبری ئەوە گۆڕانەوەبەندییەکی خەونیی بەرهەم هێناوە، کە ئەمەش زمانی خستووەتە ((باری دەربڕین لە کرێکی جوانی و وێنەی بێگەرد…)) (هەنجدەر، 2013، 22) لەڕێگەی خەونەوە. دەبێت ئەوەش بزانین لەپاڵ هەموو ئەوانەدا ((نەست سەرچاوەی خەونە لای هەنجدەر، بەوەی کە واقیعی دەرووەنی و ئاستەقینەیە و ناوچەی هەرە فراوانی ئاوەز و پێکهاتەکانییەتی، بە ئەزموونەکانی منداڵی و دەرهاویشتە دەرووەنییەکانیشیەوە.)) (محەمەد، 2010، 62)
چوارەم/ گرفتاری و خرۆشانی ڕەحی: شاعیری دەربڕینگەرا لەو وانگەوەی کە دەیەوێت پەشۆی ڕەحیی خۆی وێنە بکێشێت، هەم خۆی گرفتاری خرۆشانێکی تۆندی ڕەحییە و هەمیش خوێنەر دەخاتە پەرۆشانییەوە، ئەو یاساکانی نووسین هەچاو ناکات و ئەوەندە بە دوای شتە عەقڵانییەکانەوە نییە. هەبەت ئەم گرفتاری و خرۆشانە ڕەحییەی شاعیر و نووسەری دەربڕینگەرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ((کاردانەوە قووڵە هەستی، وێنایی، مەعنەوی و هەوشتییەی کە لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو دەرەوە، هەر ئەوەش لە کاتی خوێندنەوەدا کار دەکاتە سەر وەرگر.)) (أحمد، 2015، لینك) لەم وانگەوە شاعیر لە شیعری (ع- داوا)دا دەڵێت:
باران بە ئارەزوویەکی بەتینەوە دەبارێت
زەویش داوای هیچی نەکردووە
ئەم چاکە لە خۆاییە چییە
گرانیم بۆ لیمۆی بە لکەوە شووراو تەرخانە
بیریش لە پێش کەوتنەخوارەوەی دەکەمەوە
زەوی دڵخۆشە بەسەریدا تێبپەڕی
بەروبوومی خۆسکی خۆیت بەتاسەوە پێشکێش کات
(هەنجدەر، 2018، ب1، 342)
بەم پێودانگەی شاعیر سەرچاوەکانی شیعرییەت لە دەرووەنی خۆیەوە دەدزێتەوە و ئاستییەکانی دەرەوەش ئاوێتەی ئەو خەون و خەیاڵانە دەکات، کە لەپێناویاندا دەنووسێت، هەرئەوەش دووچاری جۆرێك لە نامۆیی دەکاتەوە، کە هەر لەئاستیشدا وەك خۆی دەڵێت: ((بۆئەوەی شاعیر بە شیعرییەت بگات، پێویستە بە نامۆییدا گوزەر بکات، یان لە نامۆییدا بژێت، چونکە بەشێك لە بوونی شیعر لە جەستەی نامۆییدا

دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەفسوون و ڕاز.)) (هەنجدەر، 2013، 147) بەم شێوەیە لە ڕوانگەی چەمکەکانی هەخنەی دەربێنگەراییەوە، خوێندنەوەی دەق لە جەوهەری خۆیدا ئاوێتەبوون و ژیانە لەنێو دەقدا، ئەگەر دەق پەسەندکراو نەبوو، ئەوا ئەم ئامانجە بەدی نایەت.)) (موسوي، 2015، لينك) هەروەك لە دەقی (م- بەردەوامی)دا هاتووە:

سیزیف لە خۆشبەختی لەدایك بوو
بنار بە نرختری شوێنی پشکۆش بە بەردە دڵخۆشەکەی کرد
قڕتایی چاو
چاوەڕوانی پەیمانی چاخی دڵنیایی تاقی کردەوە
سەرکەوت
لووتکە قوربانییە
لاولاو تێی دەئاڵێ…

(هەنجدەر، 2018، ب1، 351)

ئەم خڕشان و پەشۆییە ڕاحییەی شاعیر لەڕگەی شیعرەوە ماڵکی بێ چێ دەکات و بەمەش شیعر دەبێتە ئەو جێگەیەی کە ڕاحی ماندووی خۆی تێدا مانیفێست دەکات. هەبەتە ئەم دڵخەی شاعیری دەربێنگەرا لە ئەنجامی نەخشییەوە نییە، ((شیعر لای شاعیر لەسەر لێژیك بەند نییە، بەکو دژەلێژیکیش ئیش دەکات، لێرەوە وێنەکردن پانتاییەکی مەزن لە دەقی ئەم شاعیرە داگیر دەکات. وێنەی نەخشێك نا، بەکو چەماندنەوەی زمان بێ ئاستێکی دی.)) (مەلا، 2019، 139) ئەمەش دەچێتەوە سەر ئاستی دەربێنگەرایی ناعەقڵانی، کە زیاتر لەو وێنە شیعرییانەدا چێدەبێتەوە، کە شاعیر بەبێ ئەوەی هیچ هەستێکیشی بەرانبەر جووڵە و بزاوتەکانی خۆی هەبێت، کەچی دەخوازێت بیانکات بە ڕووداو و ئەزموونیان بکات لە دەرەوەی بوونی خۆی، واتە بیانگێڕێت بە کەمەڵك ئەکت و بە شێوە ڕووداوکردنێك کە لەڕگەی گوزارشتی شیعری و هێزی دەربێنەوەێ بەرهەم هاتبێت، وەك لە دەقی (عەسر/ تێبینی)دا دەڵێت:

هیچ هەستێکم لە مێشکدا کێ نەکردبووەوە
ئارەزووم بێ پیاسەی دوای عەسرانی
شەقامی شەستی و گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر جووڵا
دەستم خستە دەستی وچانی هەست
دەسکی دەرگای حەوشەم بادا…

(هەنجدەر، 2018، ب1، 419)

ئەم دەربێنەی کە لەمیانییەوە شیعرییەت لە ئاستی ناعەقڵانییەتی ناوەڵك و دیوی دەرەوەی دەقدا بەرهەم هاتووە، دەمانباتە بەردەم ئەو گریمانەی کە شاعیر ((هەرچەندە بەرەو ڕاح بەوات دەروونی لێی

نابەتەوە بە ئازارەکانی خەی ژوانی شاعیر ئاەز دەکات و جارەکی دیکە بە واقیعەوە دەیبەستەت، کە ئەم حاەتەش هەبوو مرەق زەر بەکەمی وەچنگ دەکەوەت لە پەبەینەکانی ەح، چونکە ئاگایی بە تەواوەتی بەئاگا نییە.)) (عەبدوەا، 2014، 111) هەر ئەمەش وا دەکات شاعیر وەك کەسەکی پەژموردە و ەح خرەشاو بەتە بەرچاو.

تەوەری دووەم/ شەوازی دەربەینگەرایی لە نموونەی دەقەکاندا:

لە ەوانگەی رەخنەی دەربەینگەراییەوە شەواز مامەەیەکی دینامیکی نییە لەگەە زماندا، بەەکو پتر وەك ((تاقیکردنەوەی نووسەرە لە چەنەتیی هەبژاردنی زمانەکەیدا، واتە هەموو ەواەتەکانی دەربەینی زمانەکەی و چەنەتیی بەگەەخستن و بەکارهەنانیانە.))(هاەبەرگ و دانەرانی تر، 2018، 169) هەبەتە ئەم شەوازەیەش دابەاو نییە لە ئەزموونی خودی شاعیری ئەکسپریسەنیست، بەوپەیەی کە لە هەموو کات و شوەنەکدا ئەزموون لە پەیوەندیدایە بە شەوازی ئەدەبییەوە، واتەە ((شەواز بریتییە لە دەربەینی شاعیر و نووسەر لەبارەی خودی خەیەوە.)) (مولینیة، 1999، 54) ئەمەش لەرە بەدوا ئەم مامەەیە لە ەوانگەی سە لە سیماکانی شەوازی دەربەینگەراییەوە لە شیعری سەباح ەنجدەردا پراکتیزە دەکەین. هەبەت ئەم پراکتیزەکردنەیش لە هەردوو ئاستەکەی دەربەینگەرایدا (عەقەانی و ناعەقەانی) لە دەقە شیعرییەکاندا لەلایەن شاعیرەوە ئەزموون کراوە.
یەکەم/ زمانی تەلەگرافییانە: زمان بەلای شاعیری دەربەینگەراوە، زمانەکی تایبەتە، کە زەرجار خوەنەر دەترسەنەت و ئارامیی خوەنەر تەکدەدات، بەشەوەیەك هەندەك جار ەستەکان لە وشەیەك یان دوو وشە زیاتر نین، دەق پەە لە نیشانەی سەرسوەمان و هەرچەنەك بەت خاەبەندیی ەوونکەرەوە و دەرخەری پەشەویی نووسەر و شەواویی دەقە. (شمیسا، 2019، 232. هەروەها: راغب، 1977، 135) خودی شاعیر لە مانیفەستەکدا، کە لەگەە دیوانی (خەون وا خەی گەایەوە) لە سالی (2004) بەاوی کردووتەوە، ئاماژەی بەم جەرە لە شەوازی بەکارهەنانی زمان کردووە، بەەام لەوەدا بە (ەگەزی کتوپەی) ناوزەدی کردووە، ئەمەش بەخەی جەرەك پەرتی و بایەخنەدانە بە یەکەتیی بابەت. (مەنتك، 2009، 116- 121) ئەم شەوازە لە بەکارهەنانی زمان لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا هەر لە سەرەتاوە ەنگی داوەتەوە، وەك لە بەشی هەشتەمی دەقی (زەوان)دا بەرچاو دەکەوەت، کاتەك بە تەنها دەەك گوزارشتی لە بابەتەکی گەورەی وەك پرسی (جەللادبوون) کردووە و دەەت:
گیانلەبەری دەندە و جەللاد ئاوی تەفانیان خواردووەتەوە

(هەنجدەر، 2018، ب1، 69)
شاعیر لەڕگەی فەنتازیای زمانەوە، توانیویەتی خەیاڵکی فرەهەند لە بۆتەی یەك دڵە شیعردا کۆبکاتەوە، ئەمە بەدەر لەوەی دڵە شیعرییەکانی تریش لە تەواوی پێکهاتەی دەقە درێژەکانی شاعیردا هەگری هەمان خەسڵەتی زمانی تەلەگرافیین، بۆیەش ئەم جۆرە لە بەرکەکخستنی زمان لە چوارچێوەی تەکنیك و شێوازی شیعریدا و ((بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە بەبێ خاڵ، بەبێ وەرگوێ، بەبێ مەسافەی نێوان وێنەکان، بەبێ سپێتی، بەبێ پەنجەرە و دەرگا، جیهانێکی سیخناخە بە خودی خۆی.)) (مەلا، 2019، 136) واتە بە خودی شاعیر خۆی، هەروەك لە (ساڵی سفر)دا بەر زەرەك لەم شێوازە دەکەوین:
لە هەموو شوێنێك کوشتن و خوێنکوشتن و هەناو سووتاندن هەیە
(هەنجدەر، 2018، ب2، 206)
هەبەتە شێوازە دەربڕینگەراییەکەی ئەم دڵە شیعرە، جگە لەوەی لە ئاستی زماندا دەردەکەوێت، هاوکات دەستبەرداری ئەو کەشە شیعرییە ڕاستەوخۆیەش نەبووە، کە دەیەوێت ئەوە بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەم سەرزەمینەی بووەتە لانکەی مرۆڤ، هەموو شوێن و کونجێکی هاوشێوەی یەکە و هەمان دڕخی (کوشتن، خوێکوشتن و هەناوسووتاندن)ی تێدایە، سەرجەم ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەو نیگەرانی و پووچێتییەی لە ژیاندا مرۆڤ ئێخەگیری بووە.
حەوت جۆگەلە لەیەکتر نزیك بوونەوە بۆ مەلەوانیی بچووە مراوی
(هەنجدەر، 2018، ب2، 206)
ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمان لەڕوانگەی دەربڕینگەراییەوە ئامرازێکە بۆ گوزارشت لەو پەستان و گوشارە ناوەکییەی کە هوروژمی بۆ سەر دەروونی شاعیر هێناوە، هێزی ئەمەش لەو ڕوانگەوە هەڵدەهێنجێنن، کە ((مرۆڤ یەکەم جار بەهرەی دەربڕینی تێدا ئاشکرا بوو، لە خانەی شیعردا جێی کردووەتەوە، بۆ مانەوەشی لەم خانە پیرۆزکراوەیدا هەمیشە قوربانی لە ئەژمار نەهاتووی داوە و هەڵە ئەفسوونییەکان و چالاکیی درێژ کردووەتەوە.))(هەنجدەر، 2013، 77) ئەوەتا شاعیر دەڵێت:
بەهەشت دڵبەرێکە جوانییەکی سادە و گەرم و پڕ جووڵەی ژاندووە
(هەنجدەر، 2018، ب2، 408)
ئەو تەلەگرافیبوونەی زمانی شیعریی بەلای هەنجدەرەوە، لەو ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێوایە ((شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتەبەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە، کە شیعرییەتی تێدا ئاشکرا دەکات، نەك لەو زمانەی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڵێوە دەبات.)) (سدیق، 2017، 136) دیسانەوە شاعیر لەم دەلاقەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە خەمی ئەوەدایە زمان بباتە ئاستێکی

ئەوتەوە، کە تێیدا شەوازی ئەزموونکراوی خۆی بەیان بکات، ئەمەش چونکە ((زمان □□□کی کاریگەری لەسەر بونیادی عەقڵی و فیکری بەجێدەھێ□ت، لەناو خودی زماندا خەیاڵ و تەکنیك و ئیستاتیکا بەردەوام ئامادەگی هەیە.)) (عەسکەر، 2017، 194)

دووەم/ ڕاشکاوی لە مەبەست و ئازادی لە دەربڕینداد: دەربڕینگەراکان بەدوای وشەگەلی جوان و دەگمەنەوە نین، بەڵکو هەوڵدەدەن ڕاستەوخۆ لە دڵی حەقیقەت بدەن و قسە لەبارەی پەشێوی و کارەساتەکان بکەن. (شمیسا، 2019، ل232) لێرەوە لە ئەزموونی هەنجدەری شاعیردا لەگەڵ چەندین دەق و کۆپلە و دێ□ە شیعردا بەرخورد دەکەین، کە لە دەربڕیندا ڕاشکاویان وەك تایبەتمەندی هەڵگرتووە، هەبەت کە دەڵێین (ڕاشکاوی) مەبەست ئەوە نییە، کە ئیدی زمانی شیعری هاتبێتە ئاستێکی ئاساییەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە□ شاعیر ڕاشکاوانە کار لەسەر بنەما ئیستاتیکییەکان دەکات، بە مانایەکی تر شیعر دەبێت بە ((ئاشکراکەری سیحر و نهێنییەکانی فیکری ئینسان)) (عەسکەر، 2017، 195) پێوە دیارە، هەروەك لە دەقی (حیکمەتی □□شنایی)دا دەڵێت:

سەرەتا کە هاتە لام
من بە نیازی خەونبینین چووبوومە سەر تەختی نوستن و گ□□پی خەوم داگیرساندبوو
هەوا بە جۆرێك خۆش ببوو سەرپۆشی نەدەویست
بۆن و بەرامەی کەشی ژووورەکەی گ□□ی
(هەنجدەر، 2018، ب2، 413)

بەم شێوەیە هەنگدانەوەی ئەم بنەمایە نەك هەر لە شیعری شاعیردا، بەڵکو لە گوزارشتیش لە شەوازی بەرهەمهێنانی شیعر بەلایەوە بەووونی هەستی پێدەکرێت، هەروەك خودی شاعیر خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من باوەڕم بە ئازادی و ئازادیی وشە هەیە. ئەمەش هەڵبژاردەی منە بۆ ژیان و ناسینی مرۆڤ و ئەو بوونەوەرانەی لەناو شیعرەکانمدا زیندووون. شیعر لەبارەی هەموو شتێکەوە دەپرسێت و کات و شوێنیشی بۆ نییە.)) (هەنجدەر، 2018، 3) پرسیاری شیعر لەبارەی هەموو شتێکەوە و بەبێ بوونی هیچ کات و شوێنکیش، واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو بەلای شاعیرەوە پێگەیەکی تایبەتی دراوەتێ، بەومانایەی ئەوەی دەبێت بە جێی مەبەستی شاعیر و ئەوەی شیعر کاری لەسەر دەکات بریتییە لە ((گەڕان بەدوای دونیا نەبینراوەکان و شتگەلە نەبینراوەکان، ئەو دێت کار لەسەر نهێنییە زیهنییەکان دەکات، نەك ئەوەی □□ژانە موماڕەسەی بکەیت و دواجار بینووسیتەوە.)) (عەسکەر، 2017، 194) ئەوەتا لە شیعری (باوك و دایکم)دا هاتووە:

13/6/1963 حەڕەس قەومی

قەنداغەی تفەنگیان
لە سینگی سابیر حەسەن سلێمان شکاند
خوێن لە فاتەحەشەی بەربوو
تلایەوە و بەسەر سەردا گینگڵی دا
تەمەن و ژیانی بووە پرتەقاڵێکی خەرکەلێدراو
(هەنجدەر، 2018، ب2، 415)
ئەوەی کە بەم زمانە ئاشکاوە لەبارەی ووداوێکی مێژووی ژیانی باوکی خۆیەوە دەدوێت، دەرکردنە دەرەوەی شیعرە لە شوێن و کات، کە دەیبەستنەوە بۆئەوەی نەتوانێت لەبارەی هیچ شتێکەوە بپرسێت، ((واتە کات و شوێن نابنە دەربڕینێکی ماناخوازانی زانراو لە یادەوەریماندا، بەڵکو کات و شوێن تەنها دەبنە حاڵەتی ساتی نووسین.)) (ئەحمەد، 2010، 12) ئەم ئازادییە لە هەڵبژاردنی وشە و بەکارهێنانی لە بڕتەی شیعردا بەو شێوە ئاشکاوە، دەمانگەیەنێت بەو بۆچوونەی کە ئەوە زمان و مەعریفەی ئێمەیە دەتوانێت ئەو سیحرە لە سادەبوونەوەی زماندا بدزێتەوە، چونکە هەموو قسەکردنێك شیعرییەتی تێدایە، بەڵام ئەوە شاعیری بەتوانایە، دەتوانێت ئەو قسەیە بکات بە شیعر، هەروەك هەنجدەر ئەم تایبەتمەندییەی لە شیعری خۆیدا هێناوەتە ئاراوە، ئەوەتا لە دەقی (دوا شوێن)دا دەڵێت:
بە درۆزایی ژیانم ئاوی بن کووپەیەکم خواردەوە
مەیلی زەرم دایە ووڵنیی ئاوەکە
بەرگەم نەگرت و هەردوو چاوم لە دەست دا
ووناکی داوای لێبووردنی نەکرد
(هەنجدەر، 2018، ب2، 468)
ئەم سادەییە لە دەربڕیندا هاوکاتە بە قووڵی لە هێسکانی واتا، بۆیە زەین و بیری شاعیر ووبەووی لەدەستدانی هەگربوون بە شوێن دەبێتەوە، هەرئەمەش وا دەکات لەوەی تێکستەکە ئازاد بێت لە هەموو کۆتێکی ناهەوا، کە ڕەگە لە دەربڕینی ئاستەوخۆیی و ئاشکاوێتیی شاعیر بگرێت، کەواتە وردبوونەوەی زیاتر لەو کۆپلەیەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کەئ ((ئەمانە کۆمەڵێك هێستەن هەوڵدەدەن شتێك لە شیعرمان بۆ شی بکەنەوە، واتە بمانخەنە بەردەم ئەو گریمانەیەی کە شیعر شتێکە ناتوانین بیپێوین، ئێمە بەدوای مۆتیڤێکدا دەگەڕێین، کە هەڵەکانی لەناو ئەندێشەدا چووبێتە خوارێ.)) (محەمەد، 2011، 83) ئەو ئەندێشەیە هیی ئێمەی خوێنەرە و مۆتیڤەکەش هەمان ئەوەیە، کە شاعیر بەرهەمی هێناوە و لە چێوەی زماندا گیانی وەبەرخستووە.

سێیەم/ ئەزموونی مرۆڤی تاك و تەنیا: بەوپێیەی یەکێك لە

ایەکانی هەر شێوازێکی ئەدەبی و شیعری پەیوەستە بە ئەزموونی خودی شاعیر و نووسەر خۆیەوە، بۆیە لێرەدا (ئەزموونی مرۆڤی تاك و تەنیا) وەك بەشێك لە شێوازی دەربڕینگەرایی لای سەباح هەنجدەر ئاماژە پێدەدەین. بەگشتی شیعری دەربڕینگەرایی بەشێوەیەك بابەتەکان دەنوێنێتەوە، کە ئەزموونی (مرۆڤێکی تاك) یان (تاکێکی تەنیا)ی پێوە دیارە، کە لە کۆمەڵگەی شارستانی و تەکنەلۆژیك و پیشەسازانەی هاوچەرخدا بەتەواوەتی تەنیایە و تووشی مەترسی هاتووە. لە ڕوانگەی ئەم نووسەر و هونەرمەندانەوە ئەم کۆمەڵگایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر لە ئاژاوە و پشێوی نزیك دەبێتەوە. (سەجادی و مەحمودی، 2004، ل31) بەم شێوەیە بوون بەگشتی لە دەربڕینگەرایيدا دەبێتە درێژکراوەی گیان و دەروونی هونەرمەند و هەر خۆیشی دەبێت بە سەنتەری گەردوون. (بیزیو، 2010، لینك) هەر بەم پێودانگە شاعیر لە تێکستی (بۆپەروایی گۆڕەستێرە)دا دەڵێت:

بۆپەروا بۆنی ئەو ڕووناکییە هەڵدەمژین کە بەخشندەیە
بەخشندە پەروایی دەبەخشێت و بۆپەروا دەچینە ناو ڕۆگا
دەنگی باڵندەی تاك و جووت
بە شێوەی مۆسیقایەکی ئاسمانی بەسەر ژاوەژاودا زاڵ دەبێ
بە هێمنی دێتە ژوورەوە
(هەنجدەر، 2018، ب2، 343)

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین، تەنیایی و تاکایەتی نەك هەر لە شیعردا، بەڵکو لە تەواوی ئەزموونی ژیانی سەباح هەنجدەردا هەنگی داوەتەوە، هەروەك خۆیشی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من بە سروشتی ژیانی خۆم حەزم لە تەنیایی و کەمدوویی و کەمێك دوورکەوتنەوەیە لە خەڵك، بەڵام لە چڕایی بەرزەین و هەستەکانم پێ کردووە لە خەڵك و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەر… تاد.)) (هەنجدەر، 2013، 22) هەبەت شاعیر ئەم هەڵوێستەیشی لە ژیاندا لەخۆاو بێ ئامانج نییە، ئەو بەوریاییەوە هەنگاوەکانی خۆی دیاری دەکات، بۆیە دەزانێت ((لە تاکیدا نووسەر لە هەقیقەتی ژیان دەپرسێت و سەربەخۆیە، سەربەستیی تەواوی لە جۆری بیرکردنەوە و خۆدەربڕیندا دەست کەوتووە، ویژدانی لە بۆیاری گوتن و هەزی شێوازدا ئاسوودەیە، سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازادی و ئازاییەی خۆی بە خۆی داوە.)) (هەنجدەر، 2014، 28) ئەوەتا لە دەقێکدا بە ناونیشانی (بەرزبوونەوەی گەسکێك تا ئەوپەڕی مان) شاعیر دەڵێت:

بە ئەسپایی دەژیم و گوێ لە دەنگی ژیانگرتن
لەنێوان هەگی نادیاری ڕووەك کە گڕی هەزار و یەك لك دەکاتەوە
مەستبوون لە گۆزە ڕێشتن نییە گەڕانەوەیە
(هەنجدەر، 2018، ب2، 451)

هەبژاردنی تەنیایی بەلای شاعیرەوە تا ئەو ڕادەیە دەبێت بە پرۆژە لە بەرهەمهێنانی شیعردا، کە تەنانەت ئەوەش هەت دەکاتەوە، خۆی بداتە پاڵ هیچ دەستە و گرووپ و تاقمێك و دەڵێت: ((نابم بە داماوی هیچ شۆواز و گرووپێك، سەردەمی گرووپ و قوتابخانە شیعرییەکانیش بەسەرچوون، ئێستا سەردەمی شاعیری تاکە.)) (هەنجدەر، 2013، 38) ئەم تێڕوانینە لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێی وایە شیعر لەنێو هەناوی بوونەوە دێتە دەرەوە و دەبێتە ساباتێك و چالاکییە خودییەکانی تێدا یاداشت دەکرێت. (سدیق، 2017، 138) هەروەك لە شیعری (بەرزبوونەوەی باج)دا دەڵێت:

منی نەرگسی بە دوای خەمدا غارم دا و دوورکەوتەوە
نزیکە دەبێتە خاڵێك و لە ئاسۆ پشتەوشکێن دەبێت
خاڵی ڕوومەتی سۆو هەنگ لە ئاوێنەی ڕووندا بەرهەتاودا بەرپا دەکات
(هەنجدەر، 2018، ب2، 357)

لەم دەرکەوتنە شیعرییەدا، شاعیر تەنیایی خۆی دەکات بە کانییەك بۆ لێوەهەڵقوڵینی جوانییەکان، واتە خۆی ڕادەستی واقیعەکە ناکات و دەیەوێت لەڕگەی ئەزموونی ناوەکیی خۆیەوە بگات بەو حەقیقەتەی کە بەدوایدا دەگەڕێت، ئەویش حەقیقەتی نەسرەوتنە لەسەر یەك وەڵامی کۆتایی، چونکە لەڕاستیدا ((شاعیران نازانن کۆتایی چییە، لەناو هەر کۆتاییەکدا سەرەتایەك دەدەزنەوە، لەناو هەر دابڕانێکدا سەسەی پێکگەیشتن دەکەن.)) (عەبدوڵا، 2014، 114) هەربۆیە کاتێك ئەم کۆپلەیە لە دەقی (دووبارەکردنەوەی ویست) دەخوێنینەوە:

ژیان لەگەڵ مردن دوژمن نییە
یاقووتی ئەنگوستیلەی
پەیام لەسەر نووسراوم لە ژیان دەزییەوە
پاشان لە مردنیش دەزیمەوە
زانیم چیم کرد و سووڕی دەزینەوە
شکۆ دەنەخشێنێ و دەبەخشێ
(هەنجدەر، 2018، ب2، 47)

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر ژیان و مردن بە دوژمنی یەکتر دانانێت، بەڵکو ئەو وەکو (سووڕی دەزینەوە) لێیان دەڕوانێت، بەڵام دیارە ئەم سووڕەی نێوان ژیان و مردن پێویستی بە مرۆڤی تاك و تاکی تەنیا هەیە، بۆئەوەی بتوانێت لەو نێوەندەوە بگات بە مانای تەلیسماویی شیعر، چونکە ((ئەوکاتە مانا دەتوانێ ببێتە شیعر ئەگەر مانایەکی سیحرئامێز بێت.)) (پاڵەوان،2010، 81) لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە وەکو وەرگر/ خوێنەری دەق ((پێویستمان بەو کەرەستانە هەیە، کە دەمانەوێت گوزارشتی لێوەبکەین، کە زمان

دەتوانێت ئەو نێوەندەی تێدا مانە بێت، بۆئەوەی بتوانین ئەندێشە کامڵ بکەین، پێویستمان بە خەسڵەتەکانی ژیانە.)) (محەمەد، 2011، 83)

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە، وەک گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەاڵە دەکەین، کە بریتین لە:

1. لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا، دەربڕینگەرایی لە ئەورووپا و دواتر لە تەواوی جیهانیشدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشوازی لێکرا، دواتر بەرەو کزی و لاوازی چوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەناوگەی توێژینەوەی زانستییەوە دەتوانین شوێنپێی ئەم ڕەوتە بازە لەنێو زۆر دەقی ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی کوردی بدەزینەوە، چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەربڕینگەرایی، بریتییە لە کاریگەریی ئەو هێز و وزە شاراوانەی کە لە ناوەوە گوشار دەخەنە سەر هەست و سۆزی شاعیر و بەرەو دەرەوەی خۆی مانیفێستیان دەکات، ئەمەش بنەمایەکە هەموو دەقێکی زیندوو پێویستی پێی هەیە بێ ئەوەی بە تەواوەتی بخەمڵێت.
2. سەباح ەنجدەر یەکێکە لە شاعیرانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، کە وەک ئەوەی ئەزموونکی شیعریی خاوەن جیاوکی تایبەت بەخۆی هەیە، هاوکات بنەما و سیماکانی دەربڕینگەرایی بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەقەکانیدا بەرجەستە دەبن، لەمەشدا شاعیر توانیویەتی لە هەردوو ئاستی دەربڕینگەرایی عەقڵانی و دەربڕینگەرایی ناعەقڵانیدا دەقەکانی خۆی بەرجەستە بکات.
3. لەوانگەی هەردوو ئاستەکەی دەربڕینگەراییەوە، هەریەک لە چەمکەکانی شێواز و شیعرییەت ەهەندی جیاوازیان لە پانتایی دەقەکانی شاعیردا وەرگرتووە و ەنگیان داوەتەوە، ئەم ەنگدانەوەیە زیاتر لە شێوەی کەمەڵک سیمای تایبەتیدا دەرکەوتوون، کە سەرجەمیان لە بنەما شەنگستەییەکانی دەربڕینگەراییەوە دەستەبەر کراون.
4. سیماکانی دەربڕینگەرایی لای (سەباح ەنجدەر) لە هەردوو ئاستی وخسار و ناوەڕۆکدا سەرنج دەدرێن، بەڵام مامەڵەی شاعیر بە جۆرێکی ئەوتۆیە، کە توانیویەتی تەواوی دەرکەوتەکانی بازەکە لەسەر هەردوو ئاستە ناسراوەکەی دەربڕینگەرایی، ئاوێتەی ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی بکات و بەمەش خوێنەری زیرەک بە توێژینەوەی زانستی نەبێت، بەئاسانی

ناتوانێت هەست بەو تایبەتمەندییانە بکات، کە شاعیر لەڕێگەی لێهاتوویی خۆیەوە لە شیعرەکانیدا دەستەبەری کردوون.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم/ بە زمانی کوردی:

- کتێب:

1. ئەلماضی، شکری عەزیز (2010)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ماردین.
2. بۆرخێس، خۆرخێ لویس (2016)، ئەم هونەری شیعرە، وەرگێڕانی: سەیوان محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
3. پاێەوان، سەڵاح حەسەن (2010)، شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
4. حاجی زادە، محەمەد (2018)، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزمەکان، وەرگێڕانی: سیروان موسا پوور، چاپی یەکەم، هەڵەبجە، کتێبخانەی هەژار موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
5. حەمەئەمین، عەبدولقادر (2011)، ئەدەب و بزاڤەکانی ئەوروپی- کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.
6. خۆشناو، هێمن عومەر (2009)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری، چاپی یەکەم، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.
7. ڕەسوڵ، وەهبی (2013)، ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی وەرگێڕان.
8. ڕەنجدەر، سەباح (2013)، سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.
9. ڕەنجدەر، سەباح (2014)، ئەزموون وەك ئاخاوتنێك لەناو ژیان، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
10. ڕەنجدەر، سەباح (2018)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.
11. ڕەنجدەر، سەباح (2018)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.
12. سدیق، ئارام (2017)، زمان و شیعرییەت (کارکردن لەسەر

ئەزموونی شیعریی یازدە شاعیری دوای ڕاپەڕین)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.
13. سەجادی- بەختیار، مەحمودی- محەمەد (2004)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
14. سەڕاج، عەبدوڵڵا (2008)، با لە هونەر بگەین، چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی ڕامان.
15. شمیسا، سیروس (2019)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
16. عەبدوڵڵا، پێشەوو (2014)، ئەدەب- شێوەکاری- تیێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
17. عەسکەر، دانا (2017)، ئەرگیومێنتی دژەکان، چاپی یەکەم، کەرکووك، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی دیالێگ.
18. ماکواری، جێن (2002)، فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای نەوا.
19. محەمەد، ئاوات (2011)، لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.
20. موسا، هاوکار (2019)، خەون لە شیعردا- لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
21. هاڵبڕگ، پیتەر و دانەرانی تر (2018)، تیێری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.

▪ گۆڤار:

1. ئەحمەد، نەجات حەمید (2010)، بنیاتە زمانەوانییە جوانکارییەکان لە شیعرەکانی هاشم سەڕاجدا، گۆڤاری هەنار، ژمارە (51).
2. ڕەنجدەر، سەباح (2013)، شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت- مانیفێستی شیعری، گۆڤاری هەنار، ژمارە (92).
3. سدیق، ئارام (2010)، شیعر و توانای پەنهانکردن لای سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری هەنار، ژمارە (56).
4. مەلا، ئەحمەد (2019)، باجی جیانووسین ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری سەردەمی نوێ، ژمارە (1).

5. مەنتك، حەمە (2009)، شۆوازی خەونیی لە مانیفێستی شیعری سەباح ەنجدەردا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (85).

دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

- کتێب:

1. الاصفر، عبدالرزاق (1999)، المذاهب الادبية لدى الغرب مع ترجمات ونصوص لأبرز أعلامها، الطبعة الاولى، منشورات اتحاد الكتاب العرب.
2. ترحيني، فايز (دون)، الدراما و مذاهب الادب، الطبعة الاولى.
3. راغب، نبيل (1977)، المذاهب الادبية من الكلاسيكية الى العبثية، الطبعة الاولى، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
4. رشدي، رشاد (2000)، نظرية الدراما من أرسطو الى الآن، الطبعة الاولى، الجيزة، هلا للنشر والتوزيع.
5. طارق، قصي (دون)، الانطباعية أهم مدارس الحداثة، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان.
6. علوش، سعيد (1985)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، الطبعة الاولى، بيروت، دار الكتاب اللبناني.
7. عياد، شكري محمد (1993)، المذاهب الادبية والنقدية عند العرب والغربيين، الطبعة الاولى، الكويت، سلسلة عالم المعرفة.
8. الفواز، علي حسن، الشعرية العراقية اسئلة ومقترحات للقراءة، الطبعة الاولى، سورية- دمشق، دار الينابيع للطباعة والنشر.
9. مكاوي، عبدالغفار (1971)، التعبيرية في الشعر والقصة والمسرح، الطبعة الاولى، القاهرة، الهيئة المصرية للتأليف والنشر.
10. مولينية، جورج، الاسلوبية، ترجمة: بسام بركة، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان، المؤسسة الجامعية للدراسة والنشر.
11. ويليك، رينية (1987)، مفاهيم نقدية، ترجمة: د.محمد عصفور، الطبعة الاولى، الكويت، سلسلة عالم المعرفة.

- **توێژینەوەی زانستی:**

1. محمد، سرور حسن (2010)، ملامح سريالية في شعر أدونيس و صباح رنجدر – دراسة مقارنة- ، رسالة ماجستير، باشراف: د.لطيف محمد حسن، جامعة السليمانية، كلية اللغات، قسم اللغة

العربية.

- **ئینتەرنێت:**

1. أحمد، رشا السيد (2015)، السردية التعبيرية الشعرية (نقد في ولادة المدرسة السردية التعبيرية الشعرية العربية)، 4/9/2015، http://www.shomosnews.com
2. أحمد، عدنان حسين (2013)، النزعة التعبيرية في الادب والفن (الذاتية المفرطة)، 9/12/2013، موقع العرب، https://alarab.co.uk
3. بيرقدار، قحطان (2011)، التعبيرية، 6/1/2011، https://www.alukah.net/literature_language/0/28800/
4. بيزيو، خالد (2010)، التعبيريه نشأتها- تاريخها- خصائصها- الحركات الفنية التي أثرت بها- روادها وفنانوها، 24/10/2010، http://ugelmascara29.yoo7.com/t108-topic
5. الحكيم، زياد (2013)، ماهية التعبيرية، 3/12/2013، http://www.mnaabr.com/vb/showthread.php?t=10815
6. عابدين، سارة (2019)، جاكسون بولوك كيف نقرأ لوحات التعبيرية التجريدية، 30/2/2019، www.aljazeera.net
7. عويد، عدنان (2018)، المدرسة التعبيرية، 7/7/2018، http://www.arabjo.net/?p=35991
8. كحيل، أسماء (2017)، المدرسة التعبيرية، أشراف: د.لينا القطان، 16/4/2017، https://artinarabic.com
9. موسوي، أنور غني، وقعنة الخيال والتموج التعبيري في السردية التعبيرية، https://anwergani.wordpress.com

سەیەم/ به زمانی فارسی:

- کتێب:

1. انوشه، حسن (1374)؛ فرهنگ نامهء ادبی فارسی (دانش نامه ادب فارسی)، چاپ یکم، تهران، سازمان چاپ و انتشارات.
2. سید حسینی، رضا (1394)، مکتب های ادبی، جلد دوم، چاپ هجدهم، تهران، مؤسسه انتشارات نگاه.

- ئینتەرنێت:

1. رزایی، احسان (2019)، مختصر تمام مکاتب ادبی جهان، http://www.cafe-dastan.ir

چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

1. E. Gordon (1987), Expressionism: Art and Ideas. New Haven: Yale University Press.
2. E. Krispyn (1964), Style and Society in German Literary Expressionism.
3. Furness , R. S. (1973), Expressionism. London: Methuen, 1973.
4. Gombrich, E.H. (1995). The Story of Art (16. ed. (rev., expanded and redesigned). ed.). London: Phaidon.
5. J. L. Styan (1983). Modern Drama in Theory and Practice: Volume 3, Expressionism and Epic Theatre. Cambridge University Press.
6. Oppenheimer, Lois (2000), The Painted Word: Samuel Beckett’s Dialogue with Art. Ann Arbor: University of Michigan Press, 2000.

هاوڕێی ڕەخنەگر مایەی ڕەخنەکردنە … سەدیق سەعید وەندزی

یەکێك لە گرفتە دیارەکانی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا ئەوەیە،کە زۆر بە دەگمەن بە دواداچوون بۆ ئەو سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارانە دەکرێت، کە لە دەرەوەی سیستەمی خوێندن، ووبەووی پەروەردە وناوەندەکانی خوێندن دەکرێنەوە.گەلێك جار، ڕەخنە لە زمان، لایەنی بابەتی، ڕێنووس و زانیاریيەکانی نێو کتێبکی خوێندن دەگیرێت کە پێشترچاپکراوە،کەچی چەند ساڵێك دواتر،بۆ بژاردن و پێداچوونەوە، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان،کتێبەکان جارێکی دیکە چاپ دەکرێنەوە. بۆیە دەبینین بە دەگمەن ساڵکی خوێندن هەیە گرفتێك ووبەووی پرسەی پەروەردە نەبێتەوە. ئەمە وڵرای ئەوەی گەلێك جار ڕێنمایی و چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەیی دەردەکرێن، کە

جێبەجێکردنیان نەك هەرئەستەمە، بەڵکو بەجۆرێك لە جۆرەکان پرسەی پەروەردەش دەشێوێنن.لەو ڕوانگەیەوە، ئەم ساڵ لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی دەکرێن، شوناسی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، گۆڕا بۆ(هاوڕێی ڕەخنەگر). هەر هاوڕێیەکیش، بە بۆ ڕەچاوکردنی پسپۆرایەتی کارگێڕیان، بۆ ماوەی دووساڵ لە گەڵ قوتابخانەیەك دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا، پێدانی هەموو ئەرکێکی کارگێڕی، پەروەردەیی، هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بە تاکە یەك سەرپەرشتیار،کارێکە نەك هەر لە جێی خۆی نییە، بگرە هەڵەیەکی گەورەشە.

چونکە نابێت سەرپەرشتیارێك کە پسپۆرییەکەی بە نموونە (کوردی)یە، هەڵسەنگاندن بۆ کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە و هەموو وانە و پسپۆرییەکانی دیکەش بکات.کە دڵنیام تیایدا سەرکەوتوو نابێت. پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمە، بە بڕچوونی خۆم وەك مامۆستایەك، لە چەندین ڕووەوە جێگەی ڕەخنە لێگرتنە. چونکە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەك دەدرێتە قوتابخانەکان،کە گونجاو نین وجێبەجێکردنیان ئەستەمە.سەرپەرشتیار، ئەرکێکی تایبەتی و دیاریکراوی هەیە(گەرچی وەك مامۆستایەك بڕوام وایە یەکەی سەرپەرشتیاریی ئۆرگانێکی زیادەوپۆیست نییە)کەئەویش بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی قوتابخانە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانە.
وەلێ بە پێی ئەو ئەرکە نوێیە بێت کە هاوڕێی ڕەخنەگر لە ئەستێدایە، ئەوا ئەرك و ڕۆڵی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی قوتابخانە و مامۆستاکان و بە بێ ئەوەی خۆشی هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لە زەمینەکەدا.ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە، سەرقاڵکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەو هەموو ڕۆتینە کارگێڕیانەی قوتابخانە، وادەکات بەڕێوەبەر زۆرتر ڕۆڵێکی کارگێڕی وناوسینەکی هەبێت لە وەی پێشەنگی قوتابخانە و نێوەندی یەکەمی ئاراستە کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکان بێت. لە کاتێکدا بەرپرسیاریەتی قوتابخانە بە پلەی یەکەم لە سەرشانی بەڕێوەبەرە و ئەو دەبێت ئاگاداری هەمووگرفت و کێماسییەکانی قوتابخانە و قوتابیان و مامۆستایانیش بێت. لێرەدا بە کورتی چەند خەوشێکی ئەو شوناسە تازەیە دەخەمە ڕوو:_

یەکەم:_ هاوڕێ و ڕەخنەگر:_

بێگومان، کێکردنەوە و لێکدانی هەردوو وشەی هاوڕێ و ڕەخنە لە دوو توێی ڕستە و دەربڕینێکدا، پارادۆکسێکی واتایی و زمانەوانی زەقە. چونکە هەر کەسێك سەروکاری لەگەڵ دنیای ڕەخنەگرتن هەبێت و لە

ماهیەتی ئەو چەمکە بگات، تا دەگات کە دەبێ کەسی هەخنەگر، چەند کەسێکی بێ لایەن، پیشەیی، سەربەخۆ بێت و نەکەوتە ژێر هیچ فشارو کاریگەریەتییەك. ئەوەی هەخنە دەگرێت، دەبێ دوور بێت لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کەمەلایەتی، هاوڕێیەتی، شاریی و ئایدۆلۆژی. نازانم چۆن کەسێك لە یەك کاتدا دەتوانێت هاوڕێت بێت و هەخنەگریشت بێت؟ ئاخۆ هاوڕێیەتییەکە نابێتە هۆی جۆرێك لە چاوپۆشین و سۆکردنەوە لە هەندێك لادانی یاسایی و کارگێڕی و هەڵەی دیار؟ من دەزانم لێرەدا مەبەست هەخنەی بونیادنەرانەیە، وەلێ هەخنە چەمکێکی سەربەخۆیە و نابێ ببەسترێتەوە بە هیچ جۆرە پەیوەندییەك. گریمان ئەگەر پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لە نێوان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك و ئەو هاوڕێ هەخنەگرە هەبێت، دەتوانێت بە سەربەستی هەخنە بگرێت و نەکەوتە ژێر کاریگەریەتی ئەو پەیوەندییە؟. بۆیە پێشنیار دەکەم ناوی هاوڕێی هەخنەگر بکرێتە هاوڕێی قوتابخانە..

دووەم:_ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان:_

یەکێکی دیکە لە هەڵە زەقەکانی هاوڕێی هەخنەگر ئەوەیە، کە داوا دەکات مامۆستایان خۆیان خۆیان هەڵبسەنگێنن و ئاستی زانستی خۆیان پێوانە بکەن!. لە ڕاستیدا، یەکەمجارە گوێبیستی شتێکی نامۆی لەوشێوەیە دەبم.نازانم چۆن کەسێك بە خۆی کارەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ؟. کە کورد وتەنی کەس بە دڵی خۆی ناڵێت ترشە. ئاخۆ ئەمە نابێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی دوور لە هەموو پێوەرێك مامۆستایان نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان دابنێن؟.ئەمە وەك ئەوە وایە کەسێك شیعر بنووسێت و هەر بەخۆشی شیعرەکەی هەڵبسەنگێنێت و خەڵاتی یەکەمیشی پێ بدات. لەوە هەڵەتریش ئەوەیە، کە داوا دەکرێت ئەو هەڵسەنگاندنە ئێستا(مانگی دە) بکرێت. کە تازە لە سەرەتای خوێندنین و دەیان بەشی خوێندن ماوە تەواو بکرێن.نازانم شتێك نەخوێنرێت چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت؟!پێشنیار دەکەم هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێتە کۆتایی ساڵ و لەلایەن خۆشیانەوە ئەوهەڵسەنگاندنە نەکرێت.

سێیەم:_ چارەسەرکردنی گرفتی قوتابخانەکان لەلایەن خەڵکەوە:_

هەڵبەتە، قوتابخانە نێوەندێکی پیرۆزە و پەیوەندی بە هەموو ئۆرگانە کەمەلایەتییەکانی کەمەلگاوە هەیە.بۆیە چەند پاپشتی پرسەی پەروەردە بین و کەموکورتییەکان چارەسەربکەین، ئەوەندەی تر پرسەی پەروەردە پێش دەکەوێت. بۆیە بۆا ناکەم کەسێك هەبێت لاری لەوە بێت هاوکاری و دەستی یارمەتی بۆ قوتابخانەیەك دڕێژ بکات.

وەڵ بە داخەوە ئەمە تائستا نەبۆتە کولتوور لەنێو ئێمە و زۆر بە دەگمەن کەسانێکی زەنگین هەن، کە پاڕپشتی پڕسەی پەروەردە بکەن و پڕداویستییەکانی دابین بکەن.لە کاتێکدا بۆ نموونە: ئەگەر مزگەوتێك بینا بکرێت، هەزاران کەس ئامادەن بەشداری لەو کارەدا بکەن، بەڵام بۆقوتابخانەیەك ونەخۆشخانەیەك بە پڕچەوانەوە.
کەواتە ئەمە کارکردنێکی گەورەی هزری و پەروەردەیی دەوێت، تاکو هەمووان دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە بیناکردنی قوتابخانەیەك، هیچی کەمتر نییە لە بیناکردنی مزگەوتێك. یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڵاتی ڕەخنەگر لە قوتابخانەکان ئەوەیە، کە داوای هاوکاری لە خەڵکی گوند و سەرمایەداران و کەسانی خێرخوازبکەن، تاکو کەمو کورتییەکانی قوتابخانە پێ بکەنەوە. بۆگومان داوایەکی لەو شێوەیە، جێگەی خۆی ناگرێت.چونکە لەلایەکەوە وەك باسمان کرد ئەمە نەبووە بە کولتوور لە نێو ئێمەدا، لەلایەکی دیکەشەوە هاووڵاتییان بۆچوونیان وایە ئەگەر ئەوان پێویستییەکانی قوتابخانەکان دابین بکەن، ئەی چی لەو بودجەیە دێت کە ساڵانە حکومەت بۆ کایەی پەروەردە تەرخانی دەکات؟.بۆچی پەروەردەکان خۆیان کێشەی قوتابخانەکان چارەسەرناکەن؟ چونکە زۆربەی خەزانی کورد، ئاستی بژێویان نزمە و ئەگەر حکومەت بۆ بەرامبەرخوێندنیان بدابین نەکات، دڵنیام زۆرینەیان ناتوانن خوێندن بە منداڵەکانیان تەواو بکەن.گریمان ئەم کارە وەك کارێکی مرۆیی، خێرخوازیی و پەروەردەیی، ئەنجامدرا، بەڵام ئاخۆ ئەمە دەتوانرێت هەمیشەیی و بەردەوام بێت؟.بۆیە پێشنیار بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، کە ئەمە نەکرێتە ڕەسایەك و بەسەر قوتابخانەکاندا بسەپێنرێت، کە دڵنیام لە خەمی ڕیفۆرمکردنی پەروەردە دایە، وەك چۆن لە سەرەتای دەست بەکاربوونیشیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد.

چوارەم:_ دیدو پەیام و لۆگۆی قوتابخانەکان:_

یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڵاتی ڕەخنەگر لە کارگێڕی قوتابخانەکان ئەوەیە، کە دەبۆ هەموو قوتابخانەیەك دید و پەیام و لۆگۆی تایبەتی خۆی هەبێت.لە ڕاستیدا، بوونی ئەو هەموو دید و پەیامە جیاوازانە لە ئاستی دروشم و پرەنسیپدا، شێواندنی پڕسەی پەروەردەیە بە بڕوای من وەك مامۆستایەك. چونکە پەروەردە خۆی لە خۆیدا گەورەترین و پیرۆزترین دید و پەیامە و پێویست بەوە ناکات پەیامی ترمان هەبێت. هەموو پێشکەوتن و بیناکردنێك، هەموو هوشیاریی و درك کردنێك لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات. ئێمە ئەگەر توانیمان پەیامی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی پەروەردەی خۆمان

بگەیەنین و پێشنیارانە پراکتیزەی بکەین،ئەوا پێویستمان بە هیچ شتێکی ترنابێت. ئەمە ئەگەر لە قوتابخانەکاندا و لە سەرەتای هاتنی منداڵ بۆ قوتابخانە،ئەوانمان فێری گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، خۆشەویستی خاك و نەتەوە و ئاڵا، هزری ژینگە دۆستی، کولتووری خوێندنەوەی کتێب، لێبوردەیی و گیانی پێکەوە ژیان کرد، پێویست بەوە ناکات پەیامیان بۆ دابنێین و فێریان بکەین.هەندێك بنەما هەن، لە بنەڕەتەوە بەشێکن لە پەروەردە و دەبێ مامۆستا خۆی هەستی پێ بکات و قوتابییان فێر بکات. ئیدی نازانم ئەو هەموو دیدو پەیام و دروشمانەمان بۆ چییە؟. کە منداڵمان لە قوتابخانە فێری هەموو شتێکی ڕاست و دروست و یاسایی کرد، پێویست بەوە ناکات دید و پەیام دابڕێژین کە ڕەنگە زەرینەیان هەر کاریشی پێ نەکەن.

ئەمە ئەرکی قوتابخانە و تۆڕی مامۆستایانە کە ئەگەر دید و پەیام لە قوتابخانەش نەبوو، بزانن پەیامی پەروەردەکردنی منداڵ چییە و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر بە قوتابییان چییە؟ ئەگەر هاوڕێی ڕەخنە گرتازە ڕۆنمایی بە مامۆستایان بدات کە قوتابییان فێری ئەوە بکەن نیشتمانەکەیان خۆشبوێت،ئاڵاو خاکەکەیان بناسن،لە گرنگی پەروەردە و فێرکردن تێ بگەن، مانای وایە ئێمە بیست و هەشت ساڵە هیچمان نەکردووە و دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە.هەرچی سەبارەت بە لۆگۆی قوتابخانەکانیشە، ئەوا بووونی هەر لۆگۆیەك بۆ هەر قوتابخانەیەك، جۆرێك لە بۆ یاسایی و بۆ بەرنامەیی دەردەخات.

لە هەموو دنیادا، لۆگۆ و ئاڵم تایبەتە بە سەرکایەتی دەوڵەت، حکومەت و وەزارەتەکان، کەچی لای ئێمە قوتابخانە هەیە هەشت قوتابی هەیە لۆگۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمە تەنها لای ئێمە بووونی هەیە لە هیچ وڵاتێك بووونی نییە. بۆیە دەبێت پەروەردەکان و گشت قوتابخانەکان، تەنها لۆگۆی وەزارەتی پەروەردە بکەنە ئاڵم و نیشانەی خۆیان و لە نووسراوەکانیاندا هەبێت. ڕەنگە زۆر سەرنج و تێبینی دیکەشمان لە بارەی ئەرکی هاوڕێی ڕەخنەگرەوە مابن،وەلێ بۆ ئێستا بە پێویستیان نەزانین و لە کاتێکی تردێینەوە سەریان.

سەدیق سەعید ڕواندزی

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی10/11/2019بڵاوکراوەتەوە…

پ بـ کلکـی شـرکـی نووسـتوودا ئـنـم ... ئازاد ئـسوـد

لـناکاو تـنـکی ئاسمانیی بـبن گوـما گڤـ ئـکا و بـر نووکی لـووتم ئـکـوـ
تالـیبـرـك لـ لاقـبـغـم ئـچـقـ و لـگـ ـکردنما ئـلـرـتـوـ
وـك مردوویـك لـناکاو چاو بکاتـوـ
وـك پـیکـرـك لـ نیوـی شـودا بـ ـووما بقیژـنـ
لـ ژوورـکی بـ دیوارو زـمینـو بنمیچدا وـنـی خـم بـ پیریی ئـبینم دائـچـکـم؛
هـردوو پـم چـپـ، رووم لـپشتـوـ،
پرچم، دـکودا ـی خوار تـلـبـندی تـکشکاوی ئـردووگایـکی تـپیوـ
دـستم، قولاپی ژـنگاویی دوورـ کـناری رووبارـ
ئـژنـم ئـژنـی مـشـنگ و چاوم دـنکـ تـسبیح
زمانم مـز، بیرم بارانی ئـسید
قـفـزی سینگم؛ کـبـی قـرش
دـم کـندـمی سپـرماوی
سـرم میتا ـی کرـم و، مـشکم زـ ـنیخ و چیمـنتـ
من هـ ـاتووی نـاو بورکـانی تـابلـیـکم؛ شلـبـردی ئـاگراویی لـ ئـ ـژایـ سـر کاشیی پیشانگا
لـ کـونـ رـ ـویـیـکی تـنـگ سـرم دـرهـنـا و لـناکـاو شـپـ لـ ناوچـوانمـوـ هات نازانم فیشـك بوو نـیزـك بوو
لـگـ ـ سووـانـوـی زـویدا بـربوومـوـ
چا ـ ـشـکان هـ ـیانـلووشیم
لـ هـسارـیـکی تاریکدام ناو بـناو لـ ئاسمان ئـخشـ و
پـیشکی؛ شوـنپـی زلی ناو قوـاو ـشن ئـکاتـوـ
زریکـی دار خـ ـمـش و، فـسـیلی ملـیـنـان سـا ـی مـاموت و، مـکینـیـکی لـکارکـوتووی زـمـن.
خوا پـنجـ بـ دوگمـیـکدا ئـنـ؛ هـسارـیـك ئـتـقـ
بـ توو ـیی ئاوـ لـ زـوی ئـداتـوـ؛ زـوی ئـلـرزـ
زنجیرـك لـ ئاسـمانـوـ شـ ئـبـتـوـ؛ ئـژدیهـایـك بـ نـ ـنـ سـرئـخات

خەمەشی تیشکی گەرم ئاوارتە سەر مووی بازووم
نیوە شاوەك بە قیژەی پیرەژن بەئاگا دەم. قیژە ئەبە بە سەدای قاقا
ئاسکە پیکاری دەستکی زل، بە یەتمەکی ەك، بە نووکی پەنجە لە
پەنجارەکەم ئەدات
بروسکەك بەتاوقی سەرما دە. گوڵاڵە ەشکانی دەوری گورچیلەم لە
دەماوە سەردەردەنن
بە دەرپەی کورتاوە خەم ئەگەیەنمە داهان؛ جێە جێی دەرگای واها.
زەی کاوچکی هەدراو لە متبەق. نەەی دووکەە و، زیەی جنکە
لەناکاو گەپی توالەت دائگیرسە
شونپەی تەی سەر پەپلیکانەکان. پارچە شووشە و دەمامکی نیمچە
سووتاو.
کلکی مارەك ئاوی توالەت ئاشەقنە و خەی ون ئەکات
دەست بە دەسکی دەرگا ئەبەم؛ قیژەی لەوە هەئەستە
لەناو لیك و ئارەقەدا لەخاو هائچەکەم؛
بە قاچی نەعامە و شاخی گامێش و کلکی بەرزی سمەرەوە خەم ئەبینم
جنکەیەکم لە ژەرزەمینی نووتەکی خانوویەکی جەهەراودا، بە فیکەی
بنیادەم هاروهاج ئەبەم و ئەقیژەنم
ژەنگی بنی پەم لە سمارتە ئەدەم و بە شەقامە پشکەەژەکاندا پیاسە
ئەکەم
لەناو سەرمدا؛ هارمەنیکای (ئینیە مەریکەنی) و وەنەی پەنج کاوبەی
پاەتە درەژ بەرامبەر مەردمناەکی دەبە ئاو لەباوشگرتوو
جووەکان لە موسا یاخی ئەبن و بەدەوری گەلکەکی زەیندا ئەخولەنەوە
لە شەقامکی قەەباغدا لەشکری ئاشووریەکان بە تیر و کەوانەوە
مارش ئەکەن
قەشە و فەلەکناس، پشت لەیەك، دە هەنگاو ئەنەن و لەگەە ئاوە
دانەوەدا رووی دەماچە لەیەك ئەنەن...
هەزاران باەندە لەژوور سەری پیرەمەردکەدا ئەفەن؛ لە جەنگی
رزگاریدا پاەوانی نەتاوەیی بوو، ئەستاش نیمچە شەت
لە جامی ئاودیەکی شاهانەوە سەگەك پەم ئاوەە، هائچەکەم
سەر بە چەشتخانەیەکدا ئەکەم؛ لەژەر مەزەکاندا بە سکەخشکە خەم
ئەگەیەنمە هانی ژنەك. هەموو هەدەن و قاپ و چەنگاە و کورسیم تە
ئەگرن
سەر بەرز ئەکەمەوە، لە جامی چەشتخانەکەدا خەم ئەبینم؛ من ماری
ئەناکەندام!
لە ئاهەنگەکدا، لەسەر شانی ەووتی ژنەکی قژ زەرددا خەم ئەبینم؛ بە
قاچ گوەم ئەخورەنم. ئاهەنگگەەکان بە قاقاوە دەستم هائاوەشەنن.
دەستەك تەپەتەپ لە پشتم ئەدا. وەرئەسووەم؛ مەزەك بە دەستیەوە،

لە چاویلکەکەیدا خەم ئەبینم؛ من مەیموونم!
ئاگادارەوە ناو جەنگە؛ مەیموونەکان بە قیژەقیژ سەر دارودرەخت ئەکەون و ئەم چە و ئەو چە ئەکەن. لە قیژەیان هەڕەشەم تا ئاگامە سەر گەلاوێك، دائەنەوێم؛ من مرۆڤم!
مرۆڤکی درژکەلەی بەدەست و قاچ، لە پستی مار، لە قوژبنی بنمیچی دارینی نزمی کەختەکدا، شوێنی پارتیزانی لاگۆ جوتیارەکدا ئەکەم بە خاکەنازەوە بەم دە.
بە شەش قاچ و چوار باڵ و دوو شاخیلەوە، لە پەنا گوێی ژیشکەکی تەقیودا خەم ئەبینم
بەرەو گەلاوێکی پڕ لە تیمساح هەنگاو ئەنێم، لە پشتمەوە؛ پێکەنینی ترسناکی کەمتیار و، ژوور سەریشم؛ قیژەی واشە
پڕ بە کلکی شڕکی نووستوودا ئەنێم. خەم بە ورچەکدا ئەکەشم. پەم لە مارێکی سێ هەئەکەوە و ئەکەومە سەر پشتی تیمساحێك
لەناو لیك و ئارەقدا لە خەو هائەچەکەم؛
لەشم نوقمی لمە. سیسارکە کەچەڵك چنووکی لە برەم گیر کردووە. بیست مەترێك لەولامەوە خەڵك کەمتیار بە ئەسپایی بەم دەن، پاشان بە غاردان

کۆمپیوتەر و کوردستان کامپیوتەر و کورد!... برایم فەرشی

پێشکەش بە منداڵکی فێلەسووفی کورد!

کۆمپیوتەر لە زاوزێی شوێنی دووهەمی جیهانی ساڵی ١٩٤٣ داکۆتە ناو بازاڕی چەك. کۆمپیوتەر لە سەردەمی کۆبەرکێی سایبەرتکنەلۆژیی، هاتوچۆی بەپەتاوی مێگازانیاریی، پاش تێپەڕبوونی ١٥٣ ساڵ بە سەر یەکەم پەیوەندی ئینسانی ناو قاوەکان لە ڕێگای کابلی تەلگراف و تەلەفون، ، لە لایەن شیرکەتی گوگل ساڵی ٢٠١٩ سازکرا. کۆمپیوتەرێ حەفتاوشەش ساڵەی پارتیزانەکان، هەما نەماوە بە شەشگۆیی و گێشتن بە ئازادی. پارتیزانەکان لە چنگ فاشیسم، کێلەتی و کۆلۆنیالیسم ڕزگاریان هاتوە، هەندەکیان ناویان چەتە ناو ێیزی دیکتاتۆرەکان. کۆمپیوتەرێ بەرهەمی سیستەمێکی فکریی،

سیاسی، ئیدئۆلۆژیک بوو، کە لە بڕیک هەوڵشاوتەوە، میکایل کاشینکۆف نەماوە، بەڵام چەکەکەی لە شانی کوردەکان نەبەتەوە!
کاشینکۆف وەک چەکیش بڵێین. ” ″M136 -ی ئوسترالیایی بەرهەمی مودێرنترین تیکنەلۆژیی سەردەم، لە یەک چرکە(سانیە)، شازدەهەزار و لە یەک خولەک(دەقیقە)، یەک میلیۆن فیشەک دەهاوێژێ و نیشانەکان دەپکێ. ئەو چەکە لە لایەن هێزی نیزامی ئەمریکاوە بەکار دەهێندرێ. M136 خێراترین چەکی جیهانە، بەڵام خێراتر لە کوانتن کۆمپیوتەر نییە. کوانتن کۆمپیوتەر هەزار میلیۆن (یەک میلیارد) جار خێراتر زانیارییەکان بەکار دەهێنێ بۆ وەامدانەوە بۆ پرسیارەکان . کوانتن کۆمپیوتەر لە ماوەی سێ خولەک، وەامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئەمڕۆ بۆ وەامدانەوەیان پێویستمان بە دەهەزار ساڵ کات هەبووە. واتە گەر مرۆڤ بۆ وەامدانەوە بۆ پرسیارێکی ئاڵۆز و فرەلایەنی ماتماتیک پێویستی بە دەهەزار ساڵ کات بێ حیسابکردنی هەبێ، کوانتن کۆمپیوتەر کە حیساباتی بکەتایی نەوان ((0-1 ئەنجام دەدات، سێ خولەک و بیست چرکە کاتی پێویستە.
کورتکردنەوەی دە هەزار ساڵ کات بە سێ خولەک، یانی گەیشتن لە چێشنی یەکەم تەقینەوە، کە بووە هۆی دەرکەوتنی کائینات. ئەوەی کوانتن کۆمپیوتەر و کورتکردنەوەی کات لەو چێشنە، چ گەیانێکی لە دوایە، کەس نایزانێ، بەڵام ئەوە دەردەخات، کە نەخێ کات بڕز دەبەتەوە و ماشینەکان(جیلی نوێ) دەوری سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا پەیدا دەکەن و بە سەر مرۆڤیشدا زاڵ دەبن.(ئەم بابەتە لە کۆمەڵێک وتاری تردا ێوون دەکەمەوە). کورتکردنەوەی کات بە وەرگرتنی زۆرترین زانیاریی و وەرگرتنی وەامی پرسیارێ بە وەامکان لە کورتترین کات، مانای ئەوەیە کە کات و زانیاریی بڕزترین سەرمایە و بەنەختترین سەرمایەی مرۆڤ بوون و هەن و دەمێنن، مرۆڤ بە بێ کات و زانیاریی، بوونی لە نەبووندا کۆتایی پێدێ. بە وێنە شۆشی سەنعەتی ئووروپا بە بە بەستنەوەی مرۆڤ بە کات، گەیانی کۆمەڵگا و ئینسانی لێنەدەکەوتەوە. فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە تێگەیشتن لە کات و گرنگیدان بە کات، دەوری سەردەمیانەی خەی گەرا و تێگەیشتنی ئینسانی ڕۆژئاوای لە کات قووڵتر کردەوە و ئینسان و کات و کار لە فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگا، لە یەک گرێدران. لە سەردەمی کوانتن کۆمپیوتەر ئینسان و کات دێبنە دووانییەکی نوێ.
خێرایی لە وەرگرتن و بەکارهێنانی زانیاریی، گرنگی چارەنووسسازیی پەیدا کردووە. خێرایی لە بیرکردنەوە، لە ماڵکردن، لە هۆڵستگرتن، لە سیاسەتکردن و دیپلۆماسی و تێگەیشتن لە سەردەم، پێویستی ژیانی سەردەمە. مانای ئەم شۆشە ئەوەیە کە گەیانکارییەکانی جیهان لە هەموو بوارێکدا، خێراتر و بە پۆتاوتر

ووددەن. گەنجانکاریيەکان سەتان جار خراتر لە سەردەمی کاشینکەف ووددەن و زەرینەی خەڵکی جیهان، لە ڕووتەکە و خرایی گەنجانکاریيەکان بەجێ دەمێنن. بە وێنە لە وڵاتێکی وەک ئامانی پشکووتوو، شازدە میلیۆن کەس لە ڕووتی ڕۆژانەی بکارهێنانی کامپیوتەر و تەلەفوونی دەستی وەدواکەوتوون. داهاتوو ووون نییە، بەڵام ئەوە ووونە کە زانیاریی دەوری چارەنووسساز لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێ. ئەوە ووونە کە ڕۆژی وەدواکەوتووان لە ڕووتی گەنجانکاریيەکان، زەرتر و زەرتر دەبێ، گەر هەر ئێستا لە وڵاتی ئامان بیست لە سەد بێ، لە وڵاتانی تر زەرتر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نمازە کوردستان لە هەموو ڕوویکەوە بەجەماون.
سەنعەت و بازاڕی چەک، گرێدراوی زانیاریی و زانست و تەکنیکی نوێیە، بازاڕ بێ بە شێوەیی نوێ گەرم ناکرێ. شێ و بازاڕ لەو شوێنە گەرم دەکرێ، کە سەری شێ، مایە بە کەین و فرۆشتنی چەک، خەڵکێک بێ گەرمکردنی کورەی شێ هەبن. ئەو شوێنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە هەموو مارە و کارێکتەرەکان و مایەی شێوەیی هەیە. ئەو شوێنە لانکەی نیشتەجێبووونی مرۆڤ بووە و ئەمڕۆ شۆڕاوترین شوێنی سەر گەی زەویە. ئەو شوێنە، شوێنی نیشتەجێبووونی یەک لە کەنترین خەڵکانی جیهانە، شوێنی کوردەکان!
کورد لە سەردەمی خرایی خرایيەکان، گرفتکانی سیاسی، نەتەوەیی خەی بە کام کەرەسە و تەگەیشتن چارەسەر دەکات، تەگەیشتنی سەردەمی کاشینکەف یان تەگەیشتنی سەردەم؟ تەگەیشتنی سەردەم، نەتەوەکان هاندەدا بە پەیەوکردنی سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی-ناوچەیی. هیچ گرووپ و تاقم و دەستە و نەتەوەیەکی بە وڵات، لە سەردەمی نوێدا، داهاتووی بەختەوەرانەی نابێ. ئەو نەتەوانە داهاتوویان مسۆگەر دەبێ کە خەیان بەیار لە سەر چارەنووسی خەیان دەدەن. کورد خەی بەیاردەر نییە و چارەنووسی کوتە دەستی حکوومەتکانی دەوروبەر و حکوومەتکانی جیهان. بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەرکام لەو وڵاتانە، ئەوە نییە، بەرژەوەندی کورد وپێش بەرژەوەندی خەیان بخەن، یان ڕازی بە ماف و بە ڕژەوەندی یەکسان بن. کورد بە درێژایی مێژووەکەی، بەرژەوەندی خەی وەدوای بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر و زمان و ئایین و کیانی ئەوان خستووە. گرفتی کورد لەو تەگەیشتنەوە دەست پێدەکات و هەتا ئەو فەرمانڕەوایەتی و بەرژەوەندی خەی و نەتەوەی خەی وپێش نەتەوە و ئایین و زمان و کیانی ئەوانیتر نەخات، کێشەی کورد چارە ناکرێ! لە شێوەدا کورد لە بەرنبەر "دوژمنەکەی" دەوستە، لە سیاستێتدا بە بەرانبەرەکەی دەدرێنێ. گرفت لە چەکدا نییە، گرفت لە تەگەیشتنی مرۆڤی کوردی خاوەن چەکە!

بە ناوی "رێئاڵ پۆلیتیک" و ستراتێژی "گام بە گام" ناکرێ مەشکی حکوومەتی ئیسلامی و مرۆڤی نوقمبوو لە نەزانی هەزاروچوارسەت ساڵە، بگەڕێ و ڕاژەک لە ڕاژان لە سەدیەکی نەبوودا، کورد بە ماف بگەیەندرێ؟ سیاسەتی بەغدا و دەمەشق و ئانکارا بە زەبری فڕەنگ و تۆپ و تفەنگ پێشتنی سەردەمی کۆماشینگەڵ، دەموکراتیزە ناکرێ و مەدینەی فازڵە بە گشت نەتەوەکان لە ڕاژەهاتی ناوەڕاست پێکنایات. بە ناوی فەدراڵی موچڕ و مووچڕی زەرتر بە مووچەخۆر، لە بەغداوە نانێردرێ! بە کۆماشینگەڵ مووشەکی دوورهاوێژ و فڕۆکەی بە فڕۆکەوان و تانک و چەکی M136 لە کار ناخرێن! بە چەسپاندنی چەوار لاپەڕە بە دیوارەکانەوە، مەدیای زاتلیت و دژیتاڵی و مەدیای ئەلکترۆنیکی حکوومەتەکان ئیفلیج ناکرێن! بە چڕت گرتو لە کوانتن کۆمپیتەر نابردرێتەوە! بە مەشکی سەردەمی کۆماشینگەڵ حزب و دامودەزگای سەردەمی کوانتن کۆمپیتەڕ ئیدارە ناکرێ. بە خولخواردن لە بازنەی زمانی فارسی، ترکی و عاڕەبی، ڕەشنبیریی و زانیاریی دەست ناکەوێ. بە گوێدانە ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەکانی بی بی سی، ئامریکا، ئیسرائیل، ئاڵمان، مەسکۆ و چوار وەاتەکەی دەوروپشت ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەکان نانووسرێ، بە ڕوونووسی بابەتەکانی ئینترنێت، سیاسەت ناکرێ. بە ڕەگرتن لە تەشەنەی بیر وهزریی ئەندامان، ڕەگا لە بیروهزر و گۆشەی ئەندامان ناگیرێ. بە زانست و زانیاریی سەدەکانی پێشوو و لاسایکردنەوەی بیرمەندانی سەدەکانی لە بازنەدەرچوو، زانستی ئەمڕۆ پێناسە ناکرێ. بە ڕەمانسیسمی کۆماشینگەڵ چارەی سیاسی کورد ناکرێ!

دیپلۆماسی و مەدیای جیهان لە ناو خەرایی سەردەمدا دەسووڕنەوە، سوپر سیاسەتمەدارەکان، فریای هەموو شت ناکەون. لە میانەی سەفەری دیپلۆماتەکان بە کەبوونەوەکانی گرنگی جیهان، شتەکان بە خەرایی گەڕانیان بەسەردادێ و خاڵەکانی جێگای باسی کەبوونەوەکان دەسدرێنەوە و کەبوونەوەکان ئامانجی خۆیان ناپێکن و بەیارکان سەر ناگرن. گەڕانکاریی، هاتوچۆی هەواڵ و خەبەر هێندێ بە خەرایی ڕوودەدەن، کە بەیارەکان قیمەتیان نامێنێ! گەر زانیارییەکان هەزار میلیۆن جار(یەک میلیارد) لە ئێستا خەراتر هاتوچۆ بکەن، کۆماشینگەڵ لە شان، بیرکۆماشینگەڵ، سیاسەت کۆماشینگەڵ، چۆناوچۆن لە بازنەی سیاسەتی سەردەمدا دەمێنێنەوە؟! چۆن سەر لە سیاسەت و سیاسەتی جیهانی دەردەهێنن؟

هەنگاوەکانی ئێستای کورد، ستراتێژیی نەبووی حزبەکان، ناڕوونبووونی ویستی سیاسی، نەبوونی هێزی نیزامی سەردەم، نەبوونی دەزگای بیر وهزری ئەمڕۆیی، لاساریی بەرانبەر بە پێنسیپەکانی سیاسی سەردەم، نەبوونی مەدیای سەردەم، گیرفانی بەتاڵی حزب و

ڕکخراوەکان و فەرهەنگی سواڵ و سەدەقە وەرگرتن، بوونی نوخبەی بەکڕێکی هەزار ڕەنگ، بوونی تاک تاکی دەدەنگ لەیەک، نەتەوەیەکی داپچڕاو و لەبەریەک تەرازاو، ژەربینا و ڕووبینای داووخاو، کەتەردیپلەماتی کەسایەتی چەماو،لە حاندا دیپلەماتی مرۆڤخەریی سەنتەوەکەی دەوروبەر، هەمووی کورد فرسەخ فرسەخ لەو سەردەمە و چارەسەری نەتەوەیی و ئینسانی دوور دەخاتەوە.
تەوانینن و ئاکار و کاروجموجۆڵی حزب و دەزگاکانی ناحزبی کورد، لە چارەسەریی گرفتی کورد دوورن و لە ئاستی ناوخۆ، ناوچە و جیهان، کورد لە سەرکەوتن نزیک ناکەنەوە. لە چل ساڵی ڕابووردو لە کەبەرکە سیاسی لە گۆڕ هیچکام لە چوار ژێریمی ئێران و عێراق و سوریە و تورکیا سەرکەوتنی نیزامی بە بە پاڵپشتی هێزێکی دەرەکی بەدەست نەهاتووە و بە پێچەوانە لە بەستێنی نیزامی تێکشکان لە دوای تێکشکان تۆمار کراوە. داهاتوو ناڕوونە، بە تایبەت بە ئەو لایەنانەی چاوەڕێی ئەوە دەکەن، سەرکەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، سناریۆی عێراقیان بە دووبارە کەنەوە.
نوستالژی ڕابووردو، خەیاڵاتی ڕۆمانسی، وەهمی بە دەمەکرات کردنی فاشیست و شوونیست، سیاسەتی چاوەڕوانییکردن، خولخواردنەوە لە ناو تەگەیشتن و سیاسەتی سەردەمی کۆماشینکەڤ، بەردەوامبوون لە ستراتێژیی سەقیەتی حزبەکانی کورد، بە ئیسلامیکردنی سیاسەت، ڕزگاریی بەدوادا نایات. ڕزگاریی لە تەگەیشتنی سەردەم و خە لە ئاستی سەردەمدا بینینن، خەڵک بەرەو ئاستی سەردەم بردن، هێزیی سیاسی، نیزامی، ئابووریی پەیداکردن، خە تەکنۆ دیپلەماسی سەردەمکردن، دەتە دی!
هەر هێزێک ستراتێژی بەرەو سەردەم بردنی نەتەوەیەکی ٥٠ میلیۆنی هەبە و ئەو نەتەوەیە لە پاژگۆبوونی نەتەوەکانی تر و سیاسەت و فەرهەنگ و تەگەیشتنی ئەوان کە بە سەر میللەتی کورددا سەپێندراوە، ڕزگار بکات، هێزی سەردەمی خەیاتی. خەرایی کەمەگای جیهانی، ئەمەی بەجێ هێشتووە و لە سەرمان ڕانەوەستاوە. کورد لە سەردەمی کۆماشینکەڤ، سەردەمی "بیتBit " و "بایت Byte" بەجێما، با لە سەردەمی "کوبیتQubit" بەجێ نەمێنێ! هەرچەند ئەم قۆناغە مبازە لە کۆماشینکەڤەوە بۆ"کوبیتQubit" ناکرێ، بەڵام تەگەیشتن لە سەردەم، ڕێگا نیشان دەدا.

برایم فەقێشی
ئۆکتۆبری ٢٠١٩

ئاڵرەدا … شیعری شەهید زانا مەحموود

ئاڵرەدا بوو
باڵی مەلەکان پڕابوونەوە
نەبا بەفرەکە ئاسمان شەق بکا
ئۆسکی هەزاران … ئەخرایە نێو چاڵ
نەبا بەیانێک … چووزەرە بدا

ئەڵردا بوو
ئەستێرەکان و ئاسمانی تەپڵش
چڕکی تەم و وێرانیی شەڕ بوون
لاوژەی برسێتی و گریانی خامۆش ..
بە زەی پێوەند … پتر هەڵئەچوون.

هەر بە خەم بینیم
ئەوەی دەنگێکی .. ڕاستی هەڵئەبڕی
نەك یەك.. هەزاران، شیر سەری ئەبڕی
ئەوەی نگینی بە سوێتان ئەبرد
بێ دەزەخێکیان ڕەوانە ئەکرد
بەڵام هەر ڕاستی
لە نێو هەزاران قرمژن و دەسڕژ
ئەیچرپاندە گوڵی شاری گڵۆژ و وڵۆژ
ئەوەی دەستی خڕی ناوە بە سەریا
نەك کێاو .. خێشی دەبا با بیبا .

.....

کتێبی شیعری/ وزەی سپی … دڵشاد عەبدوڵا

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن .....

فیکر … پشکۆ ناکام

….دەمی هەر کەسێک ئەکەیتەوە بەڵێتی ، تووڕە ، جوێن ئێیا …سەر بە هیچ حیزبێکا ئەکەیت نارازییە ، وەزعەکەی بەدڵ نیە ، ڕەشبینە …هەر کادرێکی حیزبی ئێگری زیاتر لە هەر کەسێکی مەعمولی باس لە خراپی وەزع و گوزەران ئەکا..پێی باش نیە خێک تووشی چ بارێکی قورس و ناهەموار بوون ، خەفەت ئەخوات!! ئەی عەرەب ووتانی(این المفر ؟)..ئیتر کە پەنای ئەو خێکە بۆ؟ کە ئەتوانێ چی بکا بۆ کەتایی هێنان بەو هەموو میحنەتەی کەمانی خێک لە سایەی سەری دەسەڵاتی کوردییەوە تووشی بوە ..! ووتمان ئەوە پارلەمان کارتێنیە و تەنها وەک سنوقێکی پێست بۆ ناردن و تێپەراننی بیار و پرۆژەکانی دەسەڵات بۆ تایبەتی " سێ چوکێک" ی بنەماڵە بکار ئەهێنرێت ، ئەی ئەو هەموو وەزیرە مل قەویانە بۆ جارێک نوتقێک ناکەن و لە کبونەوەیکیانا لەگڵ سەدری ئەعزەم جنابی بەختەوەری سەرۆک وەزیران دەرد و گلەیی و نەهامەتی ئەو خێکە باس کەن و پێی بڵێن چۆن ئەبێ حکومەتی بناو هەرەم بێی نەبێ پشتیوانی لە تەکەشان و بەرگری و ژیانی ڕۆژئاوا نەکا ؟ پێی بڵێن ئاخر کە جنابی عالیتان باس لە چاکسازی ئەکەن دزینی دەغیلەی نەخشەکانی"شەر پێنج" بۆ چی ناو ئەبێیت؟! وەزیرێک نیە قیرسیای لە بکا و بڵێ قسە و بڵێ سوئاڵکم بۆ سوعبەت هەیە : داهاتی نەوهەموو داهاتە لەکام سیتەریا گیری خواردوە. بەس ئەوەی دەگڵێ نەبێت ..تکایە هەر بۆ سوعبەت وەڵامم بدرەوە و شەرت بۆ نەگاتە ماس میدیا ،، کە دیویەتی جارێک ، تەنها بۆ یەک جار وەزیرێک لەسەر

داواکاری خەڵک و گرفتەکانیان وەک ئیحتیجاج کەبونەوەی جۆ هەشتبۆ و بەرگری لە خەڵکی پۆ گرنگتر بوو بۆ لە معاش و ئیمتیازەکانی ؟ کە دیویەتی وەزیرێک بە یەک جار چوبێتە پاڵ کەمپانی خەڵک و بڕی میللیاتی هەبژاردبۆ و بەرگری لە مافەکانیان کردبۆ ؟ جگە لە وەزیرەکان حیزبەکانیش هەوەستیان زۆر باشتر نیە ، (ی.ن.ک) کە (ایام زمان) جێی ئومێدی خەڵک بوو ، ئێستا تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە خۆیشی گرتوەتەوە جگە لە" نیگەرانی" هیچ دەربڕینێکی تری نیە! کاتێ کە دەسەاتئ فەرمانڕەوای پارتی کاندیدێکیان بۆ هەر پۆستێ بۆ قبوڵ ناکا ، دوا دوو سێ مانگ نیگەرانی خۆیان ڕائەگەیەنن کە ئۆپۆزیشن دوو سێ هێز ناخایانن و بۆ "تەڵەفۆن"ێک ئەو مەڵەفەش وەک دۆیان مەڵەفی تر دائەخرێت (من تا ئێستا نەمبیستوە بۆ کاندیدی کەسێک ئەبێ حیزبێکی تر ڕازی بێ، ئایا پارتی ئەو هەموو پاراستن و کەنە بۆعسی و ... و.... داناوە پرسی بۆکەس کردوە؟) ..دەردی خۆ بە بچوک زان وا ئێکات هەرگیز نە گەورە بی و نە خێت بەگەرە ببینی..
حیزب و گروپە دەرچوەکانی حوجرەی قورەیش ، قاچە ناساغەکەیان لە ناو خەڵکە و قاچە ساغەکەشیان لای دەسەات لە هەوڵەرە ، کەس نیە بۆقەد ئەوان لەبەردەمی مایکەکانا گلەیی بکا و نارازی بێ و خۆی ڕاوەشێنێ
بەڵام ڕۆژێک زوو تر لە وانی تر ئێچن بۆ معاش ، ئەوانەش کە تا دوێنێ باسیان لە هەڵەتەکاننی سیستەمی حوکمەانی ئەکرد ئەمڕۆ بوون بن بە پاسەوانی بۆ بەرگی پاسەوانێتی دەسەات و دوێنێ هەرچیەکیان ووت دوکەسی جگەرەی ساتێکی لاتی و بۆ تاقەتی بوو و بوو بە ڕابردوو.....
لە وەزعێکی ئاوایا بۆ قیبلە ئەبێ خەڵک ڕوو لە کوێ بکا؟ کاتێک کە حیزب و وەزیرەکانیان لە پەش خەڵکە داخ لە دڵەکەوە ئەبەنن و بەرامبەر دەسەاتیش " نەمبینی ، نەمبیست ، گوەم لێ نەبوو " ئەکەن بۆ پرنسیپ و لای دەسەات خۆیانی پۆ شیرین ئەکەن ، لە کاتێکی ئاوا دوبل موراڵی ئەو خەڵکە بەد بەختە چی بکا و هانا بۆ کێ ؟ بۆ کوێ بەرێ؟ ئەو مەموو گرفت و ئاڵەزییەی تووشی خەڵک بوە و دەسەاتیش بۆ کەماڵی ئیسراحەت خۆریکی بەرنامە تایبەتیەکانی خۆیەتی لە ڕووتانەوەی خەڵک و نێک مەش ، مەشولەش میوان نیە ، مەگەر مەشولەی تورکی..
یەقینم لەوەی ئەم یاریکردنەی دەسەات بە خەڵک ئێکا هەر ئەبێ کەتایی بێ ،ئاخۆ " فیکە"ی کەتایی یاریەکە لای کێ بێ..؟!!

نەمزانی چۆن شەبا دەلاوێندرێتەوە ... شوان حەسەن

ئێوارەیەک
خەی بەدرەختی بەردەم ماڵەکەم هەواسی
خەرا، چاوی پەنجەرەکانم لێداخست
گوتم: نەبادە ونەکی ماڵەکەم ئێو دیمەنیان بە بگوازێتەوە.
بە دەم خواردنەوەی چایەکی سەوز
خەم دەخافڵاندو
دەمزانی تاریکی بە دوای درزەکدا دەگەڕێ
ناڵەی، دیوار و پەنجەرەکان پێیان دەگوتم
ترسنۆک بووم، بیرم لە خەمدەکردەوە
فیلمەکم داگیرساند
وەرس بوونی ئێوم کرد بە ئامانجی ئێو شێوەم
نەمدەزانی، شەبا چۆن ژیر دەبێتەوە
★★★
بە دیار ئاگایێوە، دادەنیشم و
پرسیارەکانی ژوورە تاریکەکەم دەخوێنمەوە
دەرزەکارەکەی بەردەرگای(Lidl) لە کە دەخەوە و چۆنیش دەخەوە؟
دەبە باڵدارو ئاژەڵەکان چۆن بخەون، بەدەم ئێو شەبایەوە؟
ئەرە بڕاست سێو و پرتەقاڵ چۆن دەخەون؟
بە مەیلەکەم سەرچمکرد
ئایە میوەکان، گژو گیایەکان، دەخەون؟
ئێوە بە ناخەویت؟
پرسیارەکان لە ئامێزی ئێو گرمەلەبوون و
بەدزی منەوە چاویان لێک نا
★★★
بە ساتێک بە دەنگی، خەی دەخواردەوە و
هەناسەش بەنی خەوی لێدەهات
وێنەی شاعیرە ماسیگرەکە، کەوتە نەوانمان و
قولابە شیعرەکی لە چوارچیوەی خەیاڵم گیربوو
ئەرە چۆن بزانم

کامەیان میهرەبان و هەست ناسکترن
ماسیەکە یاخود ماسیگرەکە!؟

ئەو درەختەی هەووتکردەووە، ئاشقە
تا لەی بنوسە
هەموو شتەک بە من دووبارەبوونەوەی هەیە
تەنیا تە یەکجاریت
خەندەت وەنەی بەختەووەرترین ژنی دنیا دەچرکێنە و
ناوە ناوە هاوەڵیەکانت، لە وشکایی ئەو درەختە دەوەنیت
تا ئەو کاتەی
لق و پۆپی سکالاکان بەری ترسیان لەدەوە
شارەوانی هەوایی دەداتە مشار و
بە پاراستنی گیانی هاوڵاتیان دەیبڕنەوە!
لەوانەیە ئەو شەو چیرۆکێکیتری هەبوایە
★★★
مەیشکێنە ئەی ئیبراهیم
تە لە کام بیابان هاتووی؟
تە لە مرۆڤی ناوئەفسانەکانیش ناچیت
دەزانی کە بەر لەوەی تە دەرگای مەژووم لە بگریت؟
پرسیار و وەڵامەکان لە کەلانەکانی ئێندەشەدا چاوشارکێیان دەکرد
لەبەرچاوم پرسیارەکانت لە خنکاندم، قسەم نەکرد
هەر ئەوەژە لەبەر زامی پێکەرسازێکی ئەوساتە هاتمە لات و
لەم پرسیت بە ئەو پێکەرانە دەشکێنیت؟
کە بە تەی گوتووە کە ئەوانە خودان؟
ئاخر خولقێنەر عاشقە، ئاشقە ئەی ئیبراهیم
هێندە مەمیاکراویت، لەوانە سەرتاییەکانی ئەشقیش ناگەیت
لەگەڵ دەنگی چەکوشەکەت دە خزمەت ناو زەمەنەت و
پارچەکانم کەدەکەمەوە
جارێکیتر ئەو هەڵشەیە بە شەرمە!
کراسی خەوم دەدزێ و
لە ڕەخ تارمایی ئەو ئەوارەیە بە جەمدەهەڵت

زەردەپەڕە کەی دەیت؟
دەمژمێرکەم بەرگەی ئەم شەوە ناگرێت

لە هەورازی نیگەرانی من، تووشی هەناسەبرکێ بووە
تا پێت دەکرێت زوو وەرە
کەمێک (با) ی بەردەرگای ماڵەکەی منیش بلاوێنەوە
ماندووبووم بەدەست، ململانێ خەم و تلانەوەی ئەو
نامەوێت بمکات بە شەوێ و
درەختێ خەیم پێ هەڵواسێ!

نوسینەوەی خود ... نووسینی: ئومێیمە مەلاک

ژیانی کونکونت بیستووە؟
ئەوە خود و پێناسەی هەوەرینم.
ئەوەی وایکرد بتەمەنکی تێکشکاوەوە
لە پەشوازی خەونکانماندا بین
هەرچی ئەوەی ئێستا لێدەستم دێت
تەنها چنینی ئەو رێگایانێن کە
دەمانگەیێنن بەهیچ
بە ئەو شوێنەی
کە هەموو شتەکانی تێدا بونەتە
خەتە!

قاوەتی ... سەردار جاف

سپێدەیەکی تەزیوە
ڕحم بە بەر دەرگای قەڵای گەڵای زەردا
هەواسیوە
ژەمێ ماچی تەحریمکراو
هەناسەی سینەی تەنیوە

تۆ لە سەمای گەڵا و چرپەی لەنجەتەوە هەنگاو دەنێی
ڕەنگای دوور دوورت بۆیوە
سپێدەیەکی کزە سارد
کچێ … ژنێ لە تەپ و تۆزی شەیدایی
ماندوو ماندوو
دەنك دەنك تەسبیحە کەنەکەی باوکمی ژمارد
نم نم باری ، بوو بە کەپکەبەفرو وەری
لە دوو فروشتوکی بەیان
هاتە کنم و ڕەحی بە دامێنی لەتە نانێ سپارد
لە تەك چێلەکەی قەد دیوار بوونە هاوەمی یەکتر و
نیگایان بێ یەك دەنارد
سپێدەیەك سەرد و تەژی لە شنەبا
خەرمانی تەمەنم هەروا
لە کتیبی دێما نەنوێ و
جێلانەیی بە سەر نەبا …!!!!
ژوانی ڕەح لە خەوەتکی سێماما پێ دییەبا
ئەو دەمانە گریان بە خوێ
دەبوونە گەڵاوژەیەك
بە حەسرەتی ئیشقێ دوەبووین کە هەر نەبا
سپێدەیەکی تەتەڵە
لە ئاونگ و شەونم دەچێ
مژدەگوێی ڕەوینەوەی غوربەتکە
جوانتر لە خێی ، خێی دەنوێنێ
بۆنی هەولێری هێناوە و
ژوان بە بای ئەم سپێدە دەشوبهێنێ
بۆنی ڕلاِڕحانی گرتووە
مێخەکم بێ لە ئاو دەنێ

فرانکفێرت
2019 / 11 / 12

لە عەلی کیمیاوی یەوە بۆ ئەردۆگان فسفەر ... رەزا شوان

گومانی تێدا نییە، کە داگیرکەرانی کوردستان، ڕەگەزپەرستترین و تونددەوترین و دڕندەترین و دڵڕەقترین و بەویژدانترین و خوێنڕێژترن و نامەردترین داگیرکەرن.
لە هەموو جیهانیشدا لە وێنەی ستەمکاری و نامەردنیان نییە.
داگیرکەرانی کوردستان، بە دەسپاراستن، بە ڕەشکوژی و کەمەکوژی و قڕکردن و ژینەسایدکردنی گەلی بێتاوانی کوردمان، بە سەینەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیمان، بە وەرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستانی نیشتمانی جوان و شیرینمان.. مەدەرترین و قورستترین و کوشندەترین و کاولکەرترین چەکی تازەی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتییان بە یەکەمین جار، لەدژی گەلی کوردمان تاقیکردووەتەوە و بەکاریان هێناون. ژمارەیەکی یەکجار زۆری سڤیلی کوردمان بوونە قوربانی ئەم تاوانانەی داگیرکەران.

عەراقی داگیرکەری باشووری کوردستان، تازەترین چەکی ڕوسی: ئینگلیزی، ئەمریکی، فەرەنسی، نەمساوی، ئەڵمانی، هەر لە تەپ و تانک و ڕاجیمە و زرپێش و فڕۆکەی جەنگی مێگ و سیخۆی و هەلیکۆپتەر و ڕۆکێتی ناپاڵمی سوتێنەر و کیمیای ژەهراوی و فسفەر و مینی دژەمرۆڤ، تا دەگاتە چەکی میکڕۆبی و تیزابی سووتێنەر.. هەموویان لە دژی کورد تاقیکردنەوە و بەکاریان هێنان، بە هەزاران کوردیان شەهید کرد.
کیمیای ژەهراویان لە هەڵەبجە و سەردەشت و کەکتەپە و سیوسینان و دەیان جافایەتی و لە سەرگەڵوو و لە دەڤەری بادینان و چەندین شوێنی تری کوردستان بەکارهێنان و بە هەزاران کوردیان بە کیمیاوی ژەهراوی تاسێنەر و سووتێنەر شەهیدکرد.. فسفەریان بەکارهێنا و بە ناپاڵمی سوتێنەر و کاولکەر باشووری کوردستانیان وێران کرد.

بە ئۆشۆو نۆوستان، زیاتر لە دوو سەد هەزار ژن و منداڵ و لاوی کوردیان لە بیابانەکانی خواروووی عەراق لە ژێر ئاڵای (اللە اکبر) دا بە زیندووی زیندەبەچاڵ کردن. چەکی میکڕۆبی و ڤایرۆسیشیان، لە کومەک لە گەنجە بەندکراوەکانی برا کوردە فەیلییەکانم تاقیکردنەوە، کەمەکی زۆر لە گەنجە

فەیلیەکانمانیان لە ناو حەوزی تیزابدا توانەوە..
ئەمەیە دەندەیی و نامەردی شۆڤێنی عەرەبی، ئەمەیە راستیی کولتووری بگرەنی هەگرانی (ذات رسالة خالدة) ئەم راستی رەوشت و پەیامکەیان، کە لە باپیران و لە خەلیفکانیانەوە بە میرات بۆیان ماونەتەوە.
سەدام ئینفال و عەلی کیمیاوی ئەو چەکە قەدەغەکراوە نەودەوتییانە و چەندین چەکی تریان لە دژی گەلی کوردمان، لە باشوور و لە رۆژهەلاتی کوردستان بەکارهێنان.

ئیرانی کەماری سەدارش، لە سەردەمی رەزای شای گەبگەوە تا دگاتە خومەنی و ئاخودکانی ئەمە، رگەزپەرستانە و شیعەپەرستان مامەیان لەگەل کورددا کردوون و دەکەن.. بە گەورەترین هێزی سەربازی و بە تازەترین تەپ و تانک و زرپێش و فرۆکەی ئەمریکی و روسی، بە داشتنی پیلانی گەاو و نامەردی، سەرکوتی شەشی لورستان و سمکۆی شوکاک و کەماری کوردستان لە مەهاباد کرد.. رژێمی ئیستای ئێران، دەاندانەتر هەموو چەکەکی کوشندە لە دژی گەلی کوردمان بەکاردەهێنن.. بە شەهیدکردنی زۆرترین ژمارەی کورد..
وەکوو بینیمان، تازەترین موشکەکانی خەیان لە کورد تاقیکردنەوە، نێک لە رۆژهەلاتی کوردستان بەکو لە ناو شاری (کۆیە) لە باشووری کوردستاندا، موشک بارانی کەمپی ئاوارەکان و بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ـ رۆژهەلاتیان کرد، ژمارەیەکی زۆری سڤیلی کوردیان شەهید کرد.
خومەنی گەبگەیش فەتوایی دا و کوشتنی کوردی رەواکرد و (جیهاد) ی لە دژی کورد راگەیاند.. ئێران تازەتری شەوازی لە سەدارەدانیشی لە دژی کورد بەکارهێنا، بە بەرزکردەوە (رافعە) کورد لە شەقامەکانی شارەکان هەواسی و لە سەدارەی دان. زۆر بە نامەردیش، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و دکتۆر سادق شەرەفکەندی و چەندین کەسایەتی و تێکۆشەری تری کوردیان لە رۆژهەلاتی کوردستان تیرۆرکرد.

سوریای دیکتاور بەشار ئەسەدی خەسپەنیش، لە سەردەمی حافز ئەسەدی باوکییەوە، تا ئەمەش، منداڵان و لاوان و کەسایەتییەکانی کورد، بە شەویکی دەندانە لە لایەن ئەمن و دایرەکانی هەواگری سوریاوە، تیرۆرکران و دەکرین.. بە ئەشکەنجەدان و هەواسین و بە تەزووی کارەبایی و بە داخکردنی جەستە، چەندین لاوی کوردیان لە زیندانەکانیانی سوریادا شەهید کردن.
تا ئەمەش وەکو هاوڵاتییەکی دان بە ناسنامەی کورد دا نانێن و لە

ڕۆژنامە و لە سادەترین ماف بەبەشیان کردووون و خاک و زەوی و زاری کوردیان داگیکردووون.

جیهان ئەو راستییە دەزانێت، کە لە تورک ڕۆژپەرستر نییە، ئەوان هەر منداڵییەوە بەوە ئایدۆلۆژیە بۆگەنە ڕۆژپەرستییان گۆش و پەروەردە دەکرێن کە دژی کوردبن و رقیان لە کورد بێت.. لە سوێتانە خوێنڕژکانی باپیرانیانەوە تا دۆگاتە ئەتاتورکی گۆبۆگۆڵ و ئەردۆگانی فسفەر واهاتوون و واش دەزانن، کە دوژمنی سەرسەختی ئەوان کوردبن.. تا ئەمەش دان بە بوونی بیست و پێنج ملیۆن کورد دا لە باکووری کوردستان نانین، ناوی "کوردستان" یش بێتە گرێی شەرپەنجەی سەر دەیان.
(نیلسۆن ماندێلا) راستی گوت:"گەر دەتەوێ تورک بناسیت.. ڕۆژە ببە بە کورد"
جیهان ئەوە دەزانێت، کە عوسمانییە ڕۆژپەرستاکان، بە زەرداری و خوێنڕشتن و بە ڕەشکوژی کومەکوژی کورد و یەنانی و ئەرمەنی، پانتاییەکی زەری خاکی کوردستان و یەنانستانیان داگیرکرد و ناویان لێنا دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش تورکیا.. ئەوان بەم خاکە نامۆن و لە مۆنگۆلیا و ئاسیای بچووکەوە هاتوون و وەکوو داگیرکەر لەسەدا ماونەتەوە.. ئەوەی قووڵایی مێژوو بخوێنێتەوە، ئەم راستییەی بە دەردەکەوێت.

سەپای دڕندە و خوێنڕژی تورکیا تاوانبارترین و نامەردترین سوپایە لە جیهاندا، بە کەمەکوشتنی کورد و کاولکردنی کوردستان و دزین و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی کورد، ئامانجی گاو و گوریانە.. بەکو بە هەموو شێوەیەک، هەوڵی سینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان داوە و دەدەن.. ئەمەش بێتە بەشکی سەرکی لە بیر و لە کولتوور و لە ڕەوشتی بەرەوشتیان.. هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆکانیان بە ئایدۆلۆژی و ئایدیای ڕۆژپەرستی و کەسنەویستی، گۆش و پەروەردەیان دەکەن و رایان دەهێنن.
تورکیا بە کەمەکوژی کورد لە عوسمانییەکانە تا ئەمە تازەترین چەکی کوشندەیان لە دژی کورد تاقیکردوونەتەوە. بە دەنگی کەمەگای نەو دەوەتیش تا ئەمڕۆش، بووە بە هاندەری ڕژمە فاشییەکانی یەک لە دوای یەکی تورکیا بە ئەنجامدانی تاوانی زیاتر و گەورەتر لە دژی گەلی کوردمان.. دەوەتە بەرهەمهێنەرەکانی چەکی کوشندە، گرنگ بە لایانەوە فرۆشتنی چەکەکانیان و قازانجکردنە.. گوێش بووە نادەن، کە بەم چەکانەی ئەوان ئەو وڵاتە کیارانە، وەکوو وڵاتی تورکیا، خەڵکی سڤیل و بێتاوانیان پەدەگوژن.

سوپای دەندە و خوێنڕژی تورکیای زیندانستان، بە تازەترین و بە قورسترین چەکی کوشندە و وێرانکەر و سووتێنەر، بە مۆدێرترین چەکی ئەمریکی و بەریتانی و ئەڵمانی و فەرەنسی، بە فڕۆکەی جەنگی ئێف شانزە و هەلیکۆپتەری هێشبەر، بە تازەترین دەبابەی تەپی دووهاوژ و راجیمە ئەمانی و بەریتانی و ئەمریکی و روسی، کۆتنەت کەمکۆژی گەلی کوردی بتاوانمان.
کەمکۆک چەکی کوشندەی لەناوبەر و کەمکۆژی مرۆڤ هێن، گوایە بە پێی بڕگە و ڕەکۆتنە نێو دەوڵەتییەکانی وەکوو: ڕاگەیاندنی (سان پترسبەرگ) لە ساڵی (١٨٦٨) و ڕەکۆتنی (لاهای)ی ساڵی (١٨٩٩) و (١٩٠٧) و ڕەکۆتنی (جنێف) ساڵی (١٩٤٩) و (١٩٨٠) و ڕەکۆتنی نێو دەوڵەتی لە ساڵی (١٩٧٢) دا، گەورەترین ڕەکۆتتنیش، ڕەکۆتنی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ساڵی (١٩٨٠) دا، کە هەڕەزەری دەوڵەتان واژیان لەسەر ئەم ڕەکۆتنە کردووون. دوا ڕەکۆتنیش، ڕەکۆتنی (دبلن) لە ساڵی (٢٠٠٨) تێ، هەموو ئەم ڕەکۆتنانە جەخت لەسەر بەکارنەهێنانی چەکی قەدەغەکراوی وەکوو: چەکی کیمیاوی ژەهراوی، فسفۆری سپی، ناپاڵمی سووتێنەر، بۆمبی هەمبەم، هەمی ئاگریی سووتێنەر، بۆمبی ناوکی (نەوەی)، چەکی میکڕۆبی و ڤایرۆسی، ڕاجیمە، مینی چێنراویی دژی مرۆڤ، چەکی کیمیاوی بیۆلۆژی، بۆمبی لەرێنەوە.. بەرهەمهێنان و ئەمبارکردن و فڕۆشتن و کڕینی ئەم چەکانە قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتین. بەکارهێنانیان قەدەغەیە و پشێلکردنی ڕەکۆتنە نێو دەوڵەتییان و پشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن.. بە تاوانی جەنگ و بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادنرێن. دەبێت چاو لە تاوانبارانی بەکارهێنرانی ئەم چەکانە نەپشرێت و بدرێنە دادگای نێو دەوڵەتی بە تاوانکانی جەنگ.. دادگایی بکرێن و سزای خۆیان و وەتەکانیان بدرێت.

داگیرکەرانی کوردستان، بە بڕچاوی جیهانەوە، بە شێوەیەکی زەر دێندانە و نامەردانە هەموو ئەو چەکە قەدەغەکراوە نیە دەوڵەتییانەیان، لە دژی گەلی کوردمان بەکارهێناون و بەکاریان دەهێنن.
ئەوەتا تورکیای فاشست شێو و ڕژێ لە دژی گەلی کوردی ئازادیخواز و ئاشتیخوازمان، بە بڕ چاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەمکۆگای نێو دەوڵەتییەوە، بە مۆدێرترین و کوشندەترین چەکی زەمینی و ئاسمانی و کیمیاوی و فسفۆری سپی و ناپاڵمی سووتێنەر و بۆمبی لەرێنەر، لە دژی گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا بەکاریان دەهێنێت. تورکیا شاری (گرێ سپی) یان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، بە فسفۆری سپی و بە ناپاڵمی سووتێنەر بەردوومانیان کرد.. جەستەی سووتاوی

(محەمەد حەمید) کە منداڵکی کوردی سیانزە ساڵانە، لەگەڵ چەندین کوردی تردا، بە فسفەری سپی.. بڵێگەیەکی هاشا هەڵنەگرن بە بەکارهێنانی ئەم چەکە قەدەغەکراوە نەو دەوڵەتییە لە لایەن تورکیاوە، پشتیوانی تاوانبار (ئەردۆگان فسفەر) لەسەر ئەم تاوانەی و بە دڵیان تاوانی تری دژ بە گەلی کوردمان، کە تاوانی جەنگن و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین، بێگرن و لە دادگای نێودەوڵەتیدا، لەسەر ئەم تاوانانەی دادگایی بکرێت و سزای شایستەی بدرێت.

بە داخەوە چاوپۆشین و بێدەنگی نێتۆو یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، لە ئاستی ئەم تاوانانەی لە کورد کراون و دەکرێن.. بوونە بە پشتگیری و بە هاندان بە رژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا، بە درێژدانیان بەم تاوانانە و ئەنجامدانی تاوانی قەزەوەنتر و گەورەتر لە دژی گەلی کوردی مافەوتکراو و کوردستان داگیرکراو.
بەگومان گەر ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا، ببن بە خاوەنی بەمب و چەکی ناوکی (نەوەوی) و تیشکی، یەکەمین جار لە دژی کورد تاقیبان دەکەنەوە و بەکاریان دەهێنن.

من گەشبینم بە خۆڕاگری و بەرگری و بە کۆنەدان و بەرخودانی گەلە قارەمانەکەمان. دڵنیابن کە هەرگیز لەبن نایەین و سەردەکەوین.. زووبێت یا درەنگ بە هێوا و بە مافە ڕەواکانمان دەگەین.. هیواداریشم ئەو ڕۆژەش بێت کە چەن فسفس پاڵەوانی گەبەگۆ (سەدام ئەنفال) و بڕۆشت (عەلی کیمیاوی) سووک و ڕسواکران و بوون بە پەندی زەمانە.. هەمان ڕۆژی ڕەش و چارەنووسی قەزەوەن، بێتە ڕەی دیکتاتۆری خوێنڕژ و ڕەگەزپەرست (ئەردۆگان فسفەر). ئەمەش چارەنووسی هەموو دیکتاور و ستەمکار و لەخۆبایییەکە، کە وادەزانن بە سەرکوتکردن و گرتن و کوشتن و خوێنڕشتنی بێتاوانان، بە قورخکردنی دەسەڵات و بە زەر خەڵپاندن، تا هەتایە لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە.

ڕەزا شوان
نەرویج: ١٤ی/ نۆڤەمبەر/ ٢٠١٩

نا بۆ گەندەڵی و ئێران بۆ دەرەوە ... ئەحمەد رەجەب

لە ناو گەرمەی خۆپیشاندان و راپەرینی سەرتاسەری گەلی عێراق دژ بە گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران و لە ژێر دروشمی : نا بۆ گەندەڵیی و ئێران بۆ دەرەوە چەندین پرسیار دێتە پێشەوەو چەندین باسکردن هەڵدەگرێت و کاردانەوەی زۆری لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە پاش شەهید بوونی زیاتر لە { 333} کەس و بریندار بوونی زیاتر لە { 6000} کەس.
ڕوون و ئاشکرایە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەهۆزو بێتوانایەو ناتوانێت لەو هاوکێشە دووفاقەیە تێکەوتووە رزگاری بێت لە لایەك ئاخافتنە بریقەدارەکانی بۆ چاکسازی و چوون بەدەم داخوازییەکانی خۆپیشاندەران و، لە لایەکی ترەوە داپڵۆسین وسەرکوتکردن و کوشتن و خوێنرشتن، جارێك باسی خۆپشاندانەکان بەباشی دەکەن و جارێکی تر هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگیری و بە هاوکاری راستەوخۆ ئیران بەکاردێنن و، بە تەقەکردن و بەکارهێنانی قەناس غازی فرمێسك ڕۆژەوە جەماوەری ڕاپەڕیوی گەل دەکوژن و، حکومەت و پەرلەمان و سەرکایەتی کۆمار بەرزترین دەسەڵاتن لە عێراقداو هەرچی دامودەزگای ئیداری و دادگایی و ئەمن و ئاسایش و سوپایە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایەو تا ئێستا ناتوانن تاوانباران بدۆزنەو دەستگیریان بکەن و، ئەگەر توانایان نییە بۆچی بوونە بە مۆتەکە و چۆن لە ڕوویان دێت لە پشتەکانیان بمێننەوە؟
دروشمی خۆپیشاندەران ئێران بۆ دەرەوەو، لەو ڕۆژەوە عەڵی خامنەیی بووەتە "ڕەهبەری شەڕش" دروشمی دژایەتی ئەمریکای هەڵگرتووە بەڵام لەوماوە دوورو درێژە هیچ کارێکی نەکردووە جگە لە بەکارهێنانی زمانی زبرو وتاری پر لە ئاگرو قین کە وەك قەوانێکی سواوی لێهاتووەو، کارێکی ئاسایە خامنەیی تومەتی جێراوجێر بداتە پاڵ ڕاپەرینی گەلی عێراق و، بە پێی قسەکانی گوایە ئەم ڕاپەرینە سەر بە ئەمریکاو ئیسرائیلە و ئەوان دروستیان کردووەو، لە بیری چووەتەوە ڕۆژانە شەلاڵی خوین شەقامەکانی بەغداو شارەکەکانی خواروووی عێراق سوور دەکات و، باش دەزانیت دەستوپەیوەندەکانی دەستی باڵایان هەیە لە کوشتن و ڕشتنی خوێنی خەڵکی سڤیل کە دژ بە گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و داوای چاکسازی دەکەن و، دژ بە دەستی چەپەڵی دەرەکی و پیلان دژ بە خواست و داواکانی گەل تێدەکۆشن و ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەرینە گوزارشت لە مافەکانی گەل لە ئازادی و دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی دوور لە

پشکپشکۆنەی قیزەوەن و دژ بە گەندەڵی یاسایی و ئیداری دەکات و، سەرکەوتنی ئەم راپەرینە پەیوەستە بە توانای خۆپیشاندەران و، بەم کارەش وانەیەکی گرنگ و پاش بە هەموو دوژمنان دەدەن.
سەبارەت بەوەی ئایا رژێمی ئێران دەتوانێت ئەم خۆپیشاندانانەی دابمرکێنێتەوەو جەڵەوی بارودۆخەکەو دەسەڵات بگرێتەدەست و، لێرەدا پێویستە باس : عیراقییەکان رژێمی ئێران بە سەرکوتکەرو بکوژی راستەقینەی خۆپیشاندەران دەناسن و، هەروا شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەو کاراسات و گاڵتەجارییەی لە پاش روخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام حسەین و حزبی بە عسی عەرەبی خوێنڕژ لە عێراقدا رووياندا و ئەمڕۆش عێراق تیادا تێدەپەڕێت ، رژێمی ئێران ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ناو حزبە مەزهەبییەکان ، ئەوانەی پشتگیری لە بوونی ئێران لە عێراقدا دەکەن و، کاریگەری راستەخویان بووە لە سەر حکومەتەکانی عێراق لە دوای ساڵی 2003 وەو، هەر لە ڕۆژانی پاول برێمەر تا دەگاتە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و، رژێمی ئێران بەوەش نەوەستاوەو تا ئێستا دەستی چەپەڵی بە شێوەیەکی ناپەسەندو بە هەموو قورسایی تواناکانی دەخاتە ناو کاروباری حکومەت و، عێراقییەکان پەنجەکانی تاوان بۆ ئەو رژێمە سەرکوتکەرە رادەکێشن و، قارەمانانە دژ بە گەندەڵی و دزێنی سامانی وڵات دەوەستن.
بمانەوێت یان نەمانەوێت خۆپیشاندانەکان وبارودۆخی ئەمڕۆی عێراق کار دەکاتە سەر ئاسایش و بارودۆخی رژێمی ئێران و، ئەگەر ئەو بارودۆخە بتەقێتەوە ئاگاکانی دەسەڵات ناتوانن بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی بکەن و، لە کۆتاییدا پەرەدەسێنێت و ئاگرەکەی دەسەڵاتداران دەسوتێنێت.
من لەو بروایەدا نیم راپەرینی خەڵکی عێراق کاریگەری زۆری هەبێت لە سەر بارودۆخی ناوچەکەو، ئاسان نییە باس لە راپەرینەکە سەردەکەوێت چونکە دوژمنەکانی خاوەن دەسەڵاتن و لەلایەن دەستی دەرکییەوە یارمەتی دەدرێن و، بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێت راپەرینەکەی خەڵکی عێراق گمارۆ بدەن و بیخنکێنن و حکومەتە لاوازەکەی عادل عەبدولمەهدی بە هاوکاری هەواڵگیری رژێمی ئێران بە دوای پینەکردن دەگەڕێت و ئەمە لەلایەك و، لەلایەکی ترەوە جەماوەری گەل بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان پێدادگرن و، دەیانەوێت حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستلەکاربکێشتەوەو پەرلەمان هەبوەشتەوەو راستر هەرسێ سەرکایەتییەکە هەبوەشتەوەو، حکومەتێکی نیشتمانی دەستبەکار بێت و، بتوانێت داخوازییەکانی گەل و خۆپیشاندەران بهێنتەدی و هەروا بتوانێت سامانی وڵات و ئەو پارە دزراوانانە بگەڕێتەوەو هەبژاردنی پێشوەختە رابگەێنێت و گەندەڵ و دزەکان بداتە دادگاو، ئاسان نییە راپەڕینەکە بتوانیت

بارودخی ناوچەکە ڕکبخاتەوەو، هەموو لایەك دەزانێت باری ناوچەکە ئاڵوزەو ئەمریکا هێزکی گەورە بە هەموو جۆرە چەکی نوێ و مۆدیرن و فڕکەی (ب. 52) هێناوە بە بیانووی ئێران و پیتاندنی یۆرانیۆم و" ئەمریکا ئەو هێزە زەبەلاحەی بۆ ئێران نەهێناوە بەکو بۆ نواندنی هێزو توانایە بەرامبەر بە روسیاو دەست بە سەر نەوتی ناوچەکە بگرێت و، تورکیاش بە ناوی ناوچەی ئارام خاکی وڵاتکی تر داگیر دەکات و، بە هوێ ئەو ناوچە ئارامە سەدان و هەزاران خێزانی کورد ئاوارە بوون و ماڵ و سامانیان بەجێهێشت.
تێبینی : ئەم بابەتەم بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (السیاسة الکویتیة) لە ڕۆژی چوارشەممە 13/11/2019 بڵاو کراوەتەوەو ئەمەش لینکەکەیەتی :
http://al-seyassah.com/%d8%a7%d9%84%d8%a7%d9%86%d8%aa%d9%81%d8%a7%d8%b6%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d8%b1%d8%a7%d9%82%d9%8a%d8%a9-%d8%a3%d8%b1%d8%b9%d8%a8%d8%aa-%d9%86%d8%b8%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d9%85%d9%84%d8%a7%d9%8
13/11/2019

سلێمانی .. شیعر بۆ مندانی ستەم خامۆش

شارکەم سلێمانی
ئای، کێ دڵگیرو جوانی
نیشتمانی ئاویەم
زێد و لانەی شیریەم

خۆشمدەوی شارکەم
جێی ئارامیی گیانکەم
بۆتە ئەی سلێمانی
من هەر دڵچەم گەرانی

لە سایەی چرای ژیریی

پایتەختی ڕۆشنبیریی
یاخوا هەر ئاوەدان بی
هەردەم ڕەنگین و جوان بی

ناوەکی بەرز و گەشی
تۆ شارەکی سەر کەشی
خەشوویستی هەمووانی
شارەکەم سڵەمانی

شیعر بۆ منداڵان
ڕەستەم خامەش
2012 هەولێر

چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان – مۆ … عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

ئەو بمناسن مەم
هەر خەریکی لەوەم
کە بۆ دەشت و دەر دەم
لەو گژ و گیا دەخەم
شوانکەم لەگەڵدایە
هەروەکو هاوەم وایە
کۆ گیای سەوزی تێدایە
دەمبات بۆ ئەو جێگایە
لە لادێکاندا دەژیم
بوون بە مایەی دڵخۆشیم
هەر کە تێر بووم دەستبەجێ
دەگەڕێنمەوە ناو دێ
کابانی ماڵ دێت بۆ لام
دەزانێ ماندووی ڕێگام
ئاوم بۆ دادێنێ زوو
منیش دەکەومە پشوو
پاشان دێن و دەمدەشن

بە شیرەکەم دەخشن
دەبکەن بە ماست و بە دە
یاخود دەیخەن ئاستەوخە
قەیماغ و کەرە و پەنیر
زەر بەسوودن بە ئەوی ژیر
کە لە ئەوە حەز دەکات
تەندروست بێت هەموو کات
خەشی بێت بە میوانی
پتەوتر بێت ئەسقانی
شیر و بەرهەمەکانی
بەکار بێنێت بەجوانی
....

عەلی حەمەشید بەرزنجی

چیرۆکێکی بە کۆتایی … نەوزاد بەندی

کورتە چیرۆکی
من و تۆ
هەڤیەکی هەر زەر جوان بوو

هەنگۆ بەوا نەکەی بڵێم
نووسەرەکەیشی
باران بوو ..؟

منایینەکی ناکاو بوو ،
لە منایی زەر بەریئتر ..
لە دەشتە کانییەک ئاو بوو
لە ئەقیانوس زەر بەرینتر ..

ئەم چیرۆکە کۆتاییەکەی
هەر خەی نادا بە دەستەوە ..

لە ڕۆژی بارانا ویی وە
ئەوات ناو هەبەستوە ..

خەت سەرقاڵکردووە
هەتا
لەو پەتایە چاک بیتەوە..
خەت تاریک کردووە
هەتا
بە حیساب ڕۆناک بیتەوە..

نازانی
ئەگەر ووڵیش بیت ،
هەر لە زەنی من دەرناچی ..
تە وەک خەر
بە تەپەڵ بوونی
ساڵ و سەدە
بەسەر ناچی ..

منیش
کە لە پاڵ چەند وشە و
چەند دڵۆپ
خەم حەشار داوە ..
لە مناڵکی نەفام ئەچم
نازانم
بە مانگ گیراوە !!؟